UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

ڕێبەندانی ٢٧١١ | یەکبوون ژمارە ٢٢ | January : 2012



یەکبوون United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# ڕۆژی بەدەوڵەت بوونی کورد

====================================================================================================



ئەیووب ئەیووبزادە

کۆبوونەوەی چەند هەزار کەسیی ڕۆژی دووی ڕێبەندان، کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی‌یەکی بچووک یاخۆ سکاڵا لە مەسەلەو گرفتێکی ڕۆژانە نەبوو. ئەم کۆبوونەوە جەماوەری یە لەڕاستیدا لە شوێنی ریفراندۆمێک بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارێکی مێژوویی. ئەگەر لە دونیای ئێستادا نەتەوەیەک بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی پەنا دەباتە بەر سەندوقی دەنگدان یاخۆ بە هۆی نوێنەرانی یەوە لە هۆڵی پارلمانەوە بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی بە دونیای دەرەوە ڕادەگەیەنێ،کۆبوونەوەی بەرین و جەماوەریی ڕۆژی دووی ڕێبەندان مودێلێکی زیندووتری بۆ ئیعلامی بڕیارێکی مێژوویی ئەوتۆ هەڵبژارد.

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو پتر لە ٢٠ هەزار کەس دەنگی بۆ سەربەخۆیی و ئێعلامی جمهوری دا و ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بە ئاشکرا بە دنیا ڕاگەیاند. ئەم هەنگاوە بڕیارێکی چارەنوس‌ساز بوو لە هەل و مەرجێکی شۆڕشگێڕانە دا. بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی چارەنووس‌ساز بوو، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژێردەستەیی و بێ کیانیی کورد بێنێ. لەهەمان کاتیشدا وڵامێکی مێژوویی‌ش بوو لە حاند کولتووری نەتەوەخوازیی داگیرکەرانە و سەرووەریخوازانەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێراندا. ئەم قەوارە نەتەوەیی‌یە شکست و سەرنەکەوتوویی نەتەوەخوازیی نەتەوەی باندەستی نیشان دا کە لە هەوڵی ئەوە دابوو ناسنامەیەکی یەکدەست و هاوچەشن و هاوشێوە لەسەر حیسابی سڕینەوە و کپ کردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکانی تر بە زۆر بسەپێنێ.



ئەم بڕیارە مێژوویی یە، ئەگەر بۆ نیزامی پاشایەتی لە ئێران بە مانای لەگرێژنە چوون و خەوشەدار کردنی "تەواویەتی ئەرزیی ئێران" بوو، بۆ دۆزی نەتەوەیی کورد دەسپێکی نوقتە گۆڕانێکی مێژوویی بوو. بەدەوڵەت بوون و حاکمییەت بەسەر وڵاتێک کە کوردستانی ناوە، ناوەڕۆکی ئەم وەرچەرخانەی لە خۆگرتبوو.

مەهاباد لەو ڕۆژە دا بوو بە مەکۆو ناوەندی بڕیارێکی گەورەی مێژوویی. بڕیاری ڕاگەیاندنی "جمهوری کوردستان" و دیاریکردنی سەرۆک کۆمارو هەڵکردنی ئاڵا و، دامەزراندن و ڕاگەیاندنی گشت ئەو موئەسسەساتانەی کە لە دەوڵەتێکی مودێرن و هاوچەرخ دەوەشێتەوە.

کۆمار نە لە ئاکامی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەدایک بوو نە خوڵقاوی سیاسەتی دەرەکی بوو. قەوارە و ناوەڕۆکی ئەو دەسەڵاتە نەتەوەیی یە نەتەنیا هیچ جۆرە بۆرە خزمایەتی یەکی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی نەبوو، بەڵکوو هەم لە ناو و هەم لە ناوەڕۆکدا دوو دەسەڵاتی جیاوازو دژ بەیەک بوون. ناوی قەوارەکە "جمهوری کوردستان" بوو. کە چی ڕێژیمی ناوەندی لە تاران سەلتەنەتی بوو. هەر بۆیە لەدایک بوونی کۆمار نەیدەتوانی لە ئەنجامی هیچ چەشنە گفتوگۆ و ڕێککەوتنێک لە نێوان تاران و کوردستان دا هاتبێتە ئاراوە. کۆمار بەدەر لە بازنەی شەرعییەتی سنووری سیاسی و جوغرافیایی ئێران بوو واتە: "وشەی ئێرانی بەدواوە نەبووە. وەلانانی وشەی ئێران لە کۆتایی ئەو دەستەواژەیە نیشان دەدا کە ڕێبەرایەتیی کورد حیسابی هوویەتی جیاوازی خۆی لە هوویەتی ئێرانی بووون جیا کردبۆوە."[١]

هەر بەم پێیەش لە ناوەڕۆکیشدا ئەم دوو قەوارەیە دەچوونە ناو دوو خانەی لە ئاشتی نەهاتووی دژ بەیەکەوە. یەکیان لە قاوغی ڕێژیمێکی سەلتەنەتی، هوویەت و ئیتنیسیتەی فارسی کردبووە بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتەکەی. ئەوەی تریان نوێنەرایەتیی ناسنامەیەکی حاشا لێکراوی گرتبووە ئەستۆ. یەکیان زمانی فارسی زمانی ڕەسمی و دەوڵەتیی بوو، ئەوەی تریان زمانی نەتەوەیی خۆی کردبووە زمانی ڕەسمی. لە یەکەمیاندا زمانی کەمایەتی یەکی نەتەوەیی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی بوو کە دەیهەویست بەزۆر شوێنەورای گشت زمانەکانی تر بسڕێتەوە، ئەوی تریشیان زمانی نەتەوەیەکی دوورخراوە لە بازنەی دەسەڵات بوو کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو ماڵێکی سیاسی بۆ ئەو ناسنامە قەدەغە کراوە بونیات بنێ.

لە گوتاری یەکیان دا باس لە قەبووڵی فرەچەشنی و جیاوازی و یەکسانی لەدەسەڵات لە نێوان نەتەوەکاندا دەکرا. کەچی بە پێچەوانە ئەوی تر تا سەر ئێسقان کاری بۆ تواندەوە و ئەسیمیلە کردن و خاشەبڕ کردنی فرەچەشنی نەتەوەیی دەکرد. هەر لە بەر ئەوە پێوەندیی نێوان ئەم دوو جۆرە نەتەوەخوازی یە، نەیدەتوانی پێوەندی‌یەکی ئاسایی بێ و لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسیی هاوبەش دا حەوانەوەیان پێکەوە بۆ بکرێ. نە دەسەڵاتی پاشایەتی وەک نوێنەری نەتەوەخوازیی فارس قایل بەوە بوو لە بیری شۆوینیسمی مەزنی‌خوازانەی خۆی بچووکترین پاشگەز بوونەوەیەک بکاتو نە نەتەوەخوازیی کوردیش چی تر حازر بە ژیانی کۆیلەتی و دەسبەسەری بوو. سەرکردەی یەکیان حەمەڕەزا شای پەهلەوی کوڕی ڕەزاخانی قەزاق بوو کە لە باوکی یەوە تەختی پاشایەتیی بۆ بە میرات مابۆوەو کابرایەکی نەخوێندەوارو سەرەڕۆ کە بە یارمەتی و پشتگیریی ئینگلیسەکان بەهۆی کودتایەکی نیزامی‌یەوە لە ١٩٢١/٢/٢١ توانی دواشای قاجار لەدەسەڵات بخاو لە ١٩٢٦/٤/٢٥ تاجی پاشایەتی بنێتە سەری و لە ماوەی حکومەتەکە دا ئیعدامو قەڵاچۆ کردن و سەرکوتو داپڵۆسین بکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتەکەی. حەمە ڕەزاشای کوڕیشی لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی بوو بە ڕێبواری هەمان ئەو میراتەی کە لە باوکەوە بۆی بەجێ مابوو.

سەرکردەی لایەنی ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخوازانەش، پێشەوا قازی محەمەد بوو. کەسایەتی‌یەکی ڕووناکبیرو تێگەیشتوو بە مانای ڕاستەقینەی وشە زانا. لە بیری ئەو دا "نەتەوەی خاوەن شکۆ" و "نەتەوەی دواکەوتوو" جێگایەکی بۆ نەبوو. ئەو هەڵگری ڕوانینێکی دێمۆکراتی‌یانە بوو بۆ کەسایەتیی سیاسی و حقووقی و کولتوریی هەموو نەتەوەکانی تر. بەردی بناغەی بیری ئەو لەسەر یەکسانیی نێوان نەتەوکان دامەزرابوو. یەکسانییش لە هزرو بیری پێشەوادا بریتی بوو لە یەکسانیی نەتەوکان لە دەسەڵات و دیاری کردنی مافی چارەنووسیان. لە ڕاستی‌دا دەتوانین بڵێین ئەم دوو قەوارەیە ململانەی نێوان دوو جۆر لە نەتەوەخوازی بە دوو سیستمی جیاوازی سیاسی و فێکری‌یەوە بوو. نەتەوەخوازی‌یەکی داگیرکەرانەو داپڵۆسێنەر، لەگەڵ نەتەوەخوازی‌یەکی ڕزگاریخوازانە. ئەم قەوارەیە بە مانای ڕاستەقینەی وشە دەوڵەتیکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو. واتە لە کردەوە و لە واقیعدا سەربەخۆ و خاوەن سەرووەری بوو.

لە تیۆریی سیاسیدا چەمکی سەرووەری گرینگترین بنەمای دەوڵەتە و یەکێک لەو تایبەتمەندی‌یانەیە قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێ دەناسرێتەوە. بۆ گشت قەوارەیەک پرەنسیبی سەرووەری دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت



دەگەیەنێ لە بەجی‌گەیاندنی دەسەڵاتە نێوخۆییو دەرەکی‌یەکانی دا. لە چوارچێوەی کۆماری

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

کوردستانیش دا پرەنسیبی سەروەری لە هەردووک ئاستدا بەتەواوی خوویا بوو و چ جێگایەک بۆ ئۆتوریتە و دەسەڵات و تەنانەت سێبەری دەسەلاتی داگیرکەرانەی تاران لەئارادا نەبوو. لە میانەی ئەو باسەدا تا ئەو جێگایەی بۆ رووکاری دەرەوەی ئەو سەروەرییە دەگەڕایەوە، سەقامگیریی قەوارەکە و پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد لە نێوەندی بایەخی خۆی دانابوو. واتە لە هەڵسو کەوت لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی و لە پێوەندییەکانی دەرەوەی دا، سەربەخۆ سیاسەتی خۆی دادەڕشت و خاوەن سیاسەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو، بێ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە رادەی دەسەلاتەکەی سنووردار کرابێ.



بۆ وێنە سەربەخۆ گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکی دەرەکی دەبەست. بۆ پێگەیاندنی کادرو پسپۆڕی قەوارەکەی گەنج و لاوی وڵاتەکەی رەوانەی وڵاتێکی دەرەوە دەکرد. لە سیاسەتی جیهانیدا لەسەر بنەمای رێزدانانی دوو لایەنە دیپلۆماسی یەکی کارای بەڕێوە دەبردو پێوەندیی سەربەخۆی بە دەوڵەتەکانی ترەوە هەبوو. لەگەڵ حکوومەتی میللیی ئازەربایجان رێککەوتننامەی هاوکاری و تەبایی مۆر دەکردو بە وێنەی سیستم و نیزامێکی سیاسی_ حقووقیی سەربەخۆ لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی هەڵس و کەوتی دەکردو سەروەرییەکەی خۆی لە خانەی دەسەڵاتێکی رەهای بێسنوردا دەپاراست. بنەمای (رەها) لێرەدا پشڕاستە بە مافی بێسنوور بۆ حوکمرانی و پاراستنی سەربەخۆیی قەوارەکە لە حاند دەست تێوەردان و هەڕەشەکانی دەرەکی دا. واتە وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ بەرژەوەندیی نەتەوەخوازیی کوردی لە رێگای سیاسەتێکی سەربەخۆوە بەڕێوە دەبرد.

دیوێکی دیکەی ئەو سەروەرییە، بۆ ئاستی نێوخۆی کۆمار دەگەڕایەوە و خۆی لە دانانی یاسا، حوکمرانی و دارشتنی سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات و دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی دانیشتوان و شارومەندانی دا دەدیتەوە. لەم بوارانەش دا رادەی دەسەڵات و جۆری بڕیارو یاساکانی گرێدراوی هیچ یەکەیەکی سیاسیی تر نەبوون. بۆ وێنە ئەگەر لە خودموختاری دا سیاسەتی دەرەوە، پرۆژەی درێژخایەنی ئابووری، دیفاعی میللی، داهاتی نەتەوەیی، یاسا گشتییەکانی وڵات لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دیاری دەکرێن، لە کۆماری کوردستان دا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی هەموو ئەم دەسەڵاتانە لە پاوانی خۆی دابوون. حکوومەتی خودموختار کارگێڕیی نوێنەرایەتیی ناوەندی هەیە و مافی سەربەخۆ بڕیاردانی نیە و لەو چوارچێوەیەدا باس لە سەروەریی نەتەوەیی نایەتە گۆڕێ، بەڵام کۆماری کوردستان هیچ ماف و دەسەڵاتێکی لەخۆی دانەبڕیبوو بۆ ئەوەی حکوومەتی ناوەندی بەڕێوەی بەرێ.

هەر بۆیە خاشەبڕ کردنی هەموو سیمبول و ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی نەتەوەخوازیی داگیرکەرانەی فارس لە کوردستان، بوو بە یەکێک لە گرینگترین خەم و سەرقاڵی یەکانی نەتەوەخوازیی کورد لەو قۆناغەدا.

بە هەڵکەوت نیە کاتێ لە هەر روویەکەوە لە بیچم و سروشتی کۆمار دەڕوانی، بچووکترین شوێنەوارو ئاسەوارێکی دەسەڵاتی تارانی پێوە نابینی.

* لەخۆڕا نەبوو ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەر لە سەربان و دەزگا ئیداری یەکان دێنێتە خوارێ و لە جێگای ئەو ئاڵای نەتەوەیی خۆی دەشەکێنێ.

* هێزی چەکداری دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێک دێنێ کە هەم کیانی نەتەوە لە پەلاماری دەرەکی بپارێزێ و هەم ئاسایش و هێمنیی شارومەندانی دەستەبەر بکات.

* یاسا و رێسا و میراتی دەسەڵاتی داگیرکەر هەڵدەوەشێنێتەوە و لە جێگایان یاسای تایبەت بە خۆی دیاری دەکات.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی ساواو کەم تەمەنە و لەگەڵ گەلێک هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆیی بەرەڕووە، بۆ یەک ساتیش چاوی لە دوایین ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران غافڵ ناکات و بۆ خاشەبڕ کردنی هەموو قوژبنەکان دەگەڕێ و: "ناوە فارسی و ناقۆڵاکانی مەکتەب و شوێنە گشتی یەکان کران بە ناوی کوردیی خۆش."[٢]

جگە لەوەش بە پێی "دەستووری پێشەوا رەئیسی جمهوری کوردستان لە ٢٠ی ١٠ی٢٤ دا هەیئەتێک لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆ ببوونەوە پەسەند کرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بەنێوی مەکتەبی ئامانجی کوردستان نێودار بێ."[٣]

لە هەموو ئەوانەش گرینگتر. لە رۆژی "ئیعلامی جمهوری"و بە بەشداریی پتر لە ٢٠ هەزار کەس لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەئاشکرا راگەیاندرا:



1- لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیسقلالی تەواو بگا.

2- ئینتخاباتی مەجلیسی شورا دەس پێ بکەن.

3- حکومەتی میللی کوردستان، وەزیران ئیدارەکانی ساز بکەن.

4- هێزی موسەللەحی میللی کورد تەشکیل بدەن.

5- لەگەڵ دەوڵەتانی هەمسایە رابیتەی تیجارەتی و ئیقتیسادی بەرقەرار بکەن.

6- لەگەڵ برا ئازەربایجانییەکان هەمکاریو دۆستایەتی مەحکەم بکەن."[٤]

بڕیاری ئازایانەی پێشەوا و بڕیارنامەی جەماوەریی دووی رێبەندان هەڵگری دوو پەیامی گرینگی بەم چەشنە بوو: یەکەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دووەم،سەربەخۆ ڕاگەیاندنی کورد و بزووتنەوەکەی و نەبوونە پاشکۆی هیچ لایەنێک.

پەیامی یەکەم: بە هەڵبژاردنی سەرکۆمارو راگەیاندنی جمهوری، بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان ئاراستەی دەوڵەتی شاهەنشاهی لە تاران کرا. رێبەرانی کورد بە هەڵبژاردنی سیستمی کۆماری لە کوردستان وەک شێوەی دەسەڵاتدارەتیی سیاسیی کوردی بە ئاشکراو بە کردەوە دابڕانی کوردیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانی پاشایەتی راگەیاند. بەو هەنگاوە واتە بە بونیاتنانی ئەو قەوارە نەتەوەیی‌یە و راگەیاندنی سیستمی جمهوری رێگای جیابوونەوەی کوردیان بە ئاشکرا و بێ دڵەڕاوکێ لە ئێران لەبەرگرت. ئەمە هەم بڕیارێکی یەکلا کەرەوەی یەکجارەکی بوو، هەم بڕیارێکی یەک لایەنە. بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی یەک جارەکی بوو، لە بەر ئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان هێنا و چەشنی دەسەڵاتێکی بەتەواو جیاوازی بۆ ژیانی دوارۆژی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی دیاری کردو کۆتایی بە ژیانی کۆیلەتیی کورد لە نیزامی پاشایەتی هێناو خەوی لەمێژینەی بەدەوڵەت بوونی ئینسانی کوردی لە ئاستی خەو و تئۆرییەوە بۆ ژیانی راستەقینە گواستەوە.

هەر بەو پێیەش راگەیاندنی کۆمار بڕیارێکی یەک لایەنەش بوو، بەو مانایە لە ئاکامی هیچ جۆرە دانوسانێک و یاخۆ بە هۆی هیچ جۆرە پێ قایل بوون و رێککەوتننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری تاران نەهاتبووە دی. سەرچاوەی ئەسڵی و ناوەندی سەرەکیی ئەم بڕیارە تەنیا بۆ ئیرادەی رێبەرایەتیی سیاسیی کوردی و جەماوەری خەڵکی کوردستان دەگەڕایەوە.

لەو قۆناغەدا، فاکتۆرەکانی "بوونی ئیرادەیەکی پتەوی نەتەوەیی و ئاستی داخوازی سیاسیی کورد"و "باڵانسی هێز" خۆ لە خانەیەکی هاوبەش و تەواوکەری یەکتر دا دەبیننەوە بۆ دانی ئەو بڕیارە مێژوویی‌یە.

"مەفهوومی کۆمار رێژیمێکی حقووقی– سیاسی ناسراوە و سیستمێک نیشان دەدا کە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتە. لە حاڵێکدا حکومەتی خودموختار نوێنەری حاکمیەتی ناوەندییە. قانوونەکانی نابێ لەگەڵ قانوونی دەوڵەتی ناوەندی دژایەتی‌یان هەبێ. پول و ئابووری و پێوەندیی دەرەوەی نییە. ئەرتەشی نیەو سنوری جوغرافیایی ئاواڵەیە. لە حکومەتی خودموختاردا باس لە حاکمییەت ناکرێ و کەسایەتی حقوقی- سیاسی سەربەخۆی نییە. ناوی کۆماری کوردستان و سرود و پەرچم و لەشکر و دیار کردنی سنوور، سڕینەوەی هەموو شوێنەواری فارس و قەدەغە کردنی خوێندن بە فارسی بە گشتی راماڵینی هەموو

شوێنەواری عەجەم تەنانەت ببووە قسەی نەستەق".[٥]
بەکار هێنانی زاراوەی "سەربەخۆیی"، "استقلالی تام و تەمام"، "هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان" و ڕاگەیاندنی "جمهوری کوردستان"... کە بەردەوام لەلایەن پێشەواوە لە کۆبوونەوەکانی قسەی لەسەر دەکرد، ڕاست بەو مەبەستە بوو کە بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان بێنێ.
وەک دەبینین لە هیچ کام لەو هەنگاوانە دا، چ باسێک لە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران و مانەوە لە سیستمی پاشایەتیی ئەو وڵاتەدا لە ئارا دا نیە. بەتایبەتی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان وەک ڕۆژی



دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی کورد، ئەوەی ناوی لەنێو ئاواندا نیە، ئێران و ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی یە، بە پێچەوانە هەموو بڕیارەکان و گشت هەنگاوەکان بۆ ئەوەیە کوردستان و کورد لە پاشکۆیەتی بە نەخشەی جوغرافیایی ئێران، بۆ هەمیشە ڕزگار بکرێ. ئەم ڕاستی یە لە ئایینی سوێند خواردنی پێشەوا بە باشترین شێوە خۆی دەنوێنێ:
"ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بەماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دا تێدەکۆشم و نیسبەت بە ڕەئیسی جمهوری کوردستان و یەکێتیی کورد و ئازەربایجان موتیعو وەفادار دەبم".[٦]
دانانی وەزارەتخانەو بنکەو دامەزراوی دەوڵەتی بۆ ئیدارەی وڵات و لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر، هەنگاوێکی تر بۆ داڕشتنی بناغەکانی ستروکتوری سەربەخۆیی کۆمار بوو.
هەر چەند یەکێک لە بڕیارەکانی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا بوو کە جێگای پارلمانی ئێستا دەگرێتەوە، بەڵام کەش و هەوای نالەباری سیاسی و کەم تەمەنیی کۆمار ڕێگای نەدا ئەم بڕیارە بە کردەوە بێنێتە دی، هەر بۆیە لە کۆماری کوردستان دا دەسەڵاتی یاسا دانان وەک پارلمانێکی هەڵبژێردراو نەبوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی یە بڕیارەکان لە سەرکۆمارەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەردەچوون. بەڵام:
"لە کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری حکومەت بەتەواوی دامەزرابوو و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ١٣ وەزارەتی لەخۆ گرتبوو. کە ئەم وەزارەتانەش دامو دەزگای تریان دامەزراندبوو کە بەردەوام بۆ خزمەت کردنو ڕاپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیانو پەیوەندی کۆمارەکەو پاراستنی سنوورەکانی و... لە هەڵسووڕانو کارکردن دابوو."[٧]
بەشێکی تر لە ستروکتوری کۆمار بوونی دەسەڵاتی دادوەری بوو. لاکردنەوە لە کێشە کۆمەڵایەتی یەکان وەک تلیاک کێشان، شەڕ و کێشەی نێوان هاووڵاتیان و هەوڵدان بۆ دابین کردنی ئاسایش و هێمنایەتی... ئەرکگەلێک بوون کە بۆ چارەسەرکردنیان ، پێویستیی دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەریی هێنابووە گۆڕێ.
پەیامی دووهەمیش ڕووی لە کاربەدەستانی سەرانی فیرقە لە تەورێز بوو. پێشەوا بە ڕاگەیاندنی جمهوری لە نێوان خۆبوون و پاشکۆ بوون دا، ئیرادەی نەتەوەیی کوردی بە باشترین شێوە بۆ ڕەت کردنەوەی هەر چەشنە پاشکۆیەتی یەک بەگوێی کاربەدەستانی ئازەری گەیاند. ئەو پەیامەی پێشەوا بۆ لایەنی ئازەری گەلێک ڕوون و ئاشکرا بوو. پێشەوا بە ئیعلامی جمهوری ویستی لە سەرانی فیرقە بگەیەنێ پاشکۆیەتیی کوردو دوور کەوتنەوەی کورد لە بازنەی دەسەڵات، لەلایەن کێوە بێ، بۆ تاران بێ یاخۆ تەورێز، پاشکۆیەتی، پاشکۆیەتی یە. ئەم پاشکۆیەتی یە لە ژێر هەر ناوێکو بە هەر ڕەنگێکەوە بێ لەلایەن ئیرادەی نەتەوەیی کوردەوە دەخرێتە دواوە.
کاتێ لە سەرجەمی ئەو هەوڵانە دەڕوانی، گشتیان خۆ لە پەیامێکی هاوبەش دا دەبیننەوەو دەچنە خانەی خیتابێکی هاوبەشەوە. پەیامی بەدەوڵەت بوونی کورد و لەنێو بردنی شوێنەواری دەوڵەتی داگیرکەر لە کوردستان و خۆ جیا کردنەوە لەو و قایل نەبوون بە بەشێک لەوی تر بەردی بناغەی ئەو پەیامە بووە.



لە ڕۆژگاری ئێستاش دا کاتێ لە ئاکامی لەبار بوونی هەلومەرجێکی دەرەکی و نێوخۆیی، نەتەوەیەک دەتوانێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ، هەر هەمان ئەو ئەرکانە لە قۆناغی یەکەمدا دەخاتە دەستووری کاری خۆیەوە. واتە:
- زمانی نەتەوەیی نەتەوەکەی خۆی دەکاتە زمانی ڕەسمی و واز لە بەکارهێنانی زمانی سەپێندراوی دەسەڵاتی داگیرکەر دێنێ.
* جۆری دڵخوازی سیستمی سیاسیی خۆی دەسنیشان دەکات.
* ڕێبەرو سەرکۆماری قەوارەی سیاسی و نەتەوەیی خۆی دیاری دەکات.
* دەوڵەت پێک دێنێ، وەزارەتخانە و دامەزراوی دەولەتی چێ دەکات.
* ئەرتەش و سوپای میللی بونیات دەنێ...
* ئاڵای دەسەڵاتی داگیرکەرانە تووڕدەدا و ئاڵای نەتەوەیی خۆی هەڵدەکا. واتە هەموو ئەو هەنگاوانە دەبڕێ کە کۆماری کوردستانیش بەجێی هێنا.
هیچ کام لەو هەنگاوگەلە کردەوەیەکی بەهەڵکەوت یاخۆ (بەو چەشنەی کە "مێژوونووسیی حیزبی" دەڵێ) لاسایی کردنەوە لە مودێلی کۆمارەکانی سۆڤیەتی نەبوو. لە پشت ئەو هەنگاوانە بیری بەدەوڵەت بوونی کورد نوستبوو. بیری بەدەوڵەت بوونی کوردیش دیاردەیەک نەبوو کورد لە مودیلی کۆمارەکانی سۆڤیەتی‌یەوە بە قەرز وەریگرتبێ. ئەم ڕاستی‌یە لە قسەکانی پێشەوا دا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار بەم شێوەی خوارەوە ڕەنگی داوەتەوە:
"کورد لە قەدیم را هەزران پادشا و حوکمدار و تەشکیلاتیان بووە. هەر لەم کوردستانی ئازادی ئێستا بنەماڵەی ئومەرای موکری کە سەر سلسلەی ئەوان ئەمیر سەیوەدین بووە تا (١٠٢٠ی کۆچی) بیلئیستیقلال یەک لە دووی یەک ئەمیر سەیفودین، سارم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیربەگ، ئەمیرپاشا، تا دەگاتە قوبادخان بە دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردووە. میللەتی ڕەشید و بەغیرەتی کورد لە هەموو دەورو زەمانێکدا هەر کەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتمانی ئەوانی بووبێ، بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانیان کردووە... لە پاش لە دەستچوونی سەڵتەنەت و حوکمداریشیان بۆ وەگیرخستنەوەی ئیستقلال و ئازادی قوربانیان داوە... میرە کوێرەیان کوشتووە بابان سەریان هەڵداوە، بابانیان بێدەنگ کردووە، ئەردەڵان بڵیند بوون، ئەوانیان لە عەرزی داوە تبلیسی بەرز بوونەتەوە..."[٨]
لە دامەزراندن و پێکهاتنی ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆی نەتەوەییەدا، پشت بە ناسیۆنالیزمی ئێتنۆکولتوری بەستراوە. زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەمڕۆ لەسەر شانۆی سیاسی جیهان دەبیندرێن بەرهەمی ئەو جۆرە گوتارەن لە ناسیۆنالیزم. هەر بۆیە پێشەوا لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە دەسپێکی ڕاگەیاندنی کۆماردا، کورد وەک نەتەوەیەک پێناسەدەکا دەڵێ:
"کوردستان مەوقعیەتی جوغرافیائیەکی مەخسوسی هەیە کە بێ پسانەوە بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێکی کە لە نێویان دا فاسیل و لێکیان بپچڕێتەوە کورد بەسەریەکەوە، پێکەوە، سکونەتیان تێیدا هەیەو دارای مالکییەتی میللین دەوی دا. بەسەرهات و سەوابیقی تاریخی‌یان یەکە و عومومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عادات و رسومی میللی‌یەکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و حەوادسێک نەیتوانیوە سستی یەک لە بناغەی میللەتی ئەوان دا پەیدا بکات."[٩]
پێناسە کردنی کورد وەک نەتەوە لەلایەن پێشەواوە لەو ڕۆژە مێژوویی یەدا دیاردەیەکی بەهەڵکەوت نیە. لە پشتی هەر کام لەو دێڕانە مەبەستیکی تایبەتی خۆی حەشار داوە، ئەویش خۆبینین و خۆپێناسە کردنە وەک یەک نەتەوە. ئەم پێناسەیە وەڵامێک بوو بۆ پرسیاری ئێمە کێین؟ تایبەتمەندی‌یەکانی کوردبوونمان چیە؟ ئەو بنەمایانەی شوناسی نەتەوەیی کورد پێک دێنن کامانەن؟
لە پرۆسەی چێ کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دا، بوونی نەتەوە پێویستی یەکی بنەڕەتی و بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دێتە ئرخاندن و لێرەشەوە بەدەوڵەت بوونی نەتەوە دێتە ئاراوە. لە

ئاکامی ئەو خویندنەوەیە کورد نەتەوەیە و بۆیەش مافی پێک هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە. پێشەوا دەیەویست لە ڕێگای هێنانە ئارای ئەو پێناسەیەوە کێشەی کورد بە مەسەلەی سەروەریی نەتەوەیی یەوە گرێ بدات. واتە لێرە نەتەوەیەک بەهۆی بوونی نیشتمانێک کە کوردستانی ناوەو بە پشت بەستن بە فاکتۆرگەلێکی وەک زمان، مێژوو بڕوا بە سیمبول و چارەنووسی هاوبەش و نواندنی ئیرادەی پێویست و بوونی ڕێبەرێکی لێوەشاوەی وەک پێشەوا، پێویستیی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد دێتە ئاراوەو بوونی نەتەوە وەپێش بوونی دەوڵەت دەکەوێ.
بەم جۆرە وەک دەبینین: ناسیۆنالیسمی کورد لە رووی گەشە و تەکامول و بەرەوپێش چوونی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان بە لوتکەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت. ئەو ناسیۆنالیسمە ئەگەر تا پێش لە ئیعلامی جمهوری وەک بزاڤێکی بەرهەڵستکارانە دژ بە داگیرکراویی وڵاتەکەی و بێ مافیی نەتەوەی کورد، تێکۆشانی دەنواند، لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ئاستی نەتەوەخوازیی کورد بە پلەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت. لە بزاڤێکی جەماوەری و بەرهەڵسکارانەوە، پێی نایە سەردەمی بەدەوڵەت بوون و وەدەستهێنانی سەروەریی نەتەوەیی. ئەمە دەسپێک و سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورەی نەتەوەیی بوو بۆ کورد. بەجۆرێک ئەگەر ئەم کۆمارە بیتوانیبایە لە ژیاندا مابایە، لە گەلێک لەو کارەسات و قەڵاچۆکردنانەی بەسەر گەلی کورد دا هات، پێشگیری دەکرا.

[١] بڕوانە وتاری: مامۆستا حەسەنزادە و پولیمیکی سیاسی لە نووسینی بەڕێز حەسەن ئەیوبزادە، ناسراو بە مامۆستا گۆران.
[٢] "نەوشیروان مستەفا ئەمین. حکومەتی کوردستان ل ١٥٦ .
[٣] ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٠ . ١٣٢٤/١١/١٥ .
[٤] ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٨ ١٣٢٤/١١/١٨ . قەرارێک کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی١٣٢٤ لە لایەن ٢٠ هەزار نەفەر لە میتینگی شاری مەهاباد پەسند کراوە.
[٥] مامۆستا حەسەنزادە و پولیمیکی سیاسی؟! لە نووسینی بەڕێز حەسەنی ئەیوبزادە ناسراو بە مامۆستا گۆران.
[٦] "کوردستان" ژمارە١٤ ساڵی یەکەم چوارشەممۆ٢٤ی ڕێبەندانی١٣٢٤ .
[٧] کۆماری کوردستان- مەهاباد ١٩٤٦ لە روووی یاسای گشتی نێو دەوڵەتیەوە لە نوسینی: نەوزاد مەجید خدر سەرمۆردی لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری.
[٨] ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٠ دووشەمو ١٠ ڕێبەندانی١٣٢٤ی هەتاوی. جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان.. نوتقی جەنابی پێشەوا.
[٩] ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٠ و ١١ نوتقی جەنابی پێشەوا رەئیس جمهوری بەرزی کوردستان.

ماڵپەری هەڵوێست

==============================================================

# دۆخی ئافرەت لە وڵاتانی ئیسلامیی دا,

حامید گەوهەری



لە سەردەمە کۆنەکاندا کچ مافی پێکهێنانی پەیوەندیی لەگەڵ کوڕی دڵخوازی نەبوو. ئێستاش لە زۆربەی وڵاتاندا بەگوێرەی ڕێسای کۆن، مافێکی لەو جۆرە بە ئافرەت نادرێت و ئەو دیاردەیە بە تاوانێکی گەورە و ڕیسواکەرانە دەژمێررێت و سزای توند و چاوەڕواننەکراوی هەیە.
سەرنج بدەنە ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە کە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز وەرگیراوە(١ ).
*(ڕەشیدە کچێکی جوان و شەرمنی وڵاتی "مەراکیش"ە. لە ژوورێکی بچوک و شێداری کارگەیەکی کۆکردنەوەی ماسی لە شاری "ئەغادیر" دا دەژی و بە شەو و بە ڕۆژ چاوەڕوانە کە پاپۆڕی ماسیگرتن بێت و خاوەنکارەکەی کارێکی بداتێ.)
ڕەشیدە بۆ وەرگرتنی تەنیا پێنج دۆلار لە ڕۆژێکدا، ئەو کارە دژوارە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا و کە تەمەنی ٢٣ ساڵە، خۆی بە مرۆڤێکی خۆشبەخت دەزانێت و دەڵێت: (ئەگەرچی بە ڕادەی پێویست ناخەوم ، بەڵام بەرامبەر بەوە ، جێگایەکم بۆ خەوتن و پارەم بۆ خۆراکی مناڵەکەم هەیە.) ئەمە وتەی کچێکە کە سەری خۆی کزکردووە ، بەڵام دەنگی بەرز و دلێرە.
ڕەشیدە دایکێکی شوونەکردووە! لە کۆمەڵگای ئیسلامیی وەک مەراکیش دا، ژیانی ئاسایی بۆ نەماوە و ئاوارە بووە. بەگوێرەی یاسای ئیسلامیی مەراکیش ئافرەت بە نیوەی پیاو دەژمێررێت و بە نیوەی پیاوێک میراتی پێدەبرێت و بەبێ ڕێدان و ڕەزامەندیی پیاوێکی خێزانەکەی، ناتوانێت شوو بکات، بەڵام مێرد دەتوانێت بەبێ هیچ گیروگرفتێک بە ئاسانیی تەڵاقی بدات و لە ماڵی خۆی دەریبکات. لەوە دژوارتر ئەوەیە کە ئەگەر ئافرەتێکی شوونەکردوو مناڵی ببێت! لەوەش زیادتر بێڕێزیی پێدەکرێت.
کچانی سکپڕ، تەنانەت ئەگەر تەمەنیشیان زۆر کەم بێت، یان دەستدرێژییان بۆ کرابێت، لەو دیدەوە کە بێئابڕوو کراون، لە ماڵ دەردەکرێن. هەندێک جار ئەو جۆرە کچانە دەکەونە بەر هەڕەشەی کوشتنی براکانیان. حکومەت و ڕێکخراوە مەدەنی و خێرخوازەکان پشتیوانیی ئەو جۆرە کچانە ناکەن و بە تاوانبار دایاندەنێن.
لەباربردنی مناڵ یاساخە و کارێکی ئاسان نیە. هەرچەندە ئافرەتانی خوێندەوار و دەوڵەمەند دەتوانن بە پارە مناڵ لەبارخۆیان ببەن، بەڵام ئافرەتانی کەمتەمەن و هەژاری وەک ڕەشیدە، تەنانەت نازانن چۆن بە دوای ئەو جێگایانەدا بگەڕێن کە مناڵەکانیان لەباربەن. دیارە ڕەشیدە تەنیا ئافرەتێک نیە کە ناوی خێزانەکەی خۆی ناڵێت. دەڵێت لە لایەن کوڕی خێزانێکەوە دەستدرێژیی لێکراوە کە خزمەتکاریان بووە و دواتر دەریان کردووە. نەیدەزانی بۆ لەباربردنی مناڵەکەی ڕوو لە کوێ بکات. باوک و براکەی پێیانڕاگەیاندبوو کە نەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بەرلە کارکردنی لە کارگەی ماسی، لە شەقامەکان دەنوست و سواڵیدەکرد.
"مارسیلیلا یامزانی" پسپۆڕ لە بواری مافی ئافرەتان لە "یۆنسکۆ" کۆمەڵەی فەرهەنگیی، زانستیی و پەروەردەکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: (لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامییدا پیاوان دان بە بوونی ئافرەتە سکپڕە شوونەکردووەکاندا نانێن.)
لە مەراکیش، کاربەدەستانی حکومەت دەڵێن هیچ ئامارێکیان لەسەر دایکانی زوگورتی و مناڵانی نایاسایی ئەو دایکانە نیە و هیچ چەشنە پێویستییەکی خزمەتگوزارییان بۆ ناکرێت، بەڵام یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی دەڵێن پێ بەپێی گەورەبوونەوەی شارەکان و کۆچی ئافرەتان بۆ شاران، ژمارەی دایکانی زوگورتی و هەژار پەرەی سەندووە. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو دایکانە و مناڵەکانیان لە کۆمەڵگادا دوردەخرێنەوە، بەشێکیان بە ناچاریی ڕوو لە سواڵکردن و فرۆشتنی سێکس دەکەن.
دیارە زۆربەی ئافرەتان، مناڵە نایاساییەکانیان فڕێدەدەن، ئەوەش بۆ پۆلیس دیاردەیەکی ئاساییە کە مناڵ لە شەقام و پارکەکاندا بدۆزێتەوە. ساڵی ڕابوردوو ڕۆژنامەکانی شاری دار البیضاء "کازابلانکا" ، ڕایانگەیاند کە پارساڵ پۆلیس٣٦٤ مناڵی ساوای دۆزیوەتەوە. هەروەها ئەوەش ئاساییە کە دایکانی زوگورتی کاتی بەجێهێشتنی نەخۆشخانە، مناڵەکانیان لەوێ بەجێبهێڵن. بە وتەی کاربەدەستێکی ناوچەیی، نەخۆشخانەی شاری "ئەغادیر" خەریکی بەخێوکردنی ٦٠ مناڵی فڕێدراوە. گرفتەکە کاتێک پەرەدەسێنێت کە لە قورئاندا بەشێک بە ناوی بەخێو کردنی مناڵی بێگانە Adoption، بە هەتیویی

نەگونجاوە. لە ئاکامدا زۆربەی ئەو منداڵانەی کە کەس لایان لێناکاتەوە، لە هەتیوخانەکاندا بەخێودەکرێن. خاتوو "موجابە ئێدبۆچە" Edbouche دەڵێت:

* (ئەوە یەکێکە لەو لایەنە تاریکانەی ئایینی ئیسلام کە حکومەت بە بەردەوامیی باسی یارمەتیدان دەکات، بەڵام لێرەدا و سەبارەت بە دایکانی زوگورتی، ڕیاکارانە هەڵسوکەوت دەکات، وەک ئەوەی کە ئەوانە لەشفرۆش بن.)

خاتوو ئێدبۆچە دەڵێت بە بینینی ئەو بێدادییە، چوومە ڕیزی پارێزەرانی مافی ئافرەتانەوە. ئەو باخچەیەکی ئایابی منداڵانی لە ئەغادیر بۆ دایکانی زوگورتی و هەژار کردووەتەوە کە خەرجیی و پێویستییەکانی لە لایەن ڕێکخراوێکی خێرخوازیی سویدییەوە دابیندەکرێت.

ئەو دایکە زوگورتییانەی کە خاتوو ئێدبۆچە وتووێژیان لەگەڵدا دەکات، زۆربەیان کچانی گوندیی و نەخوێندەوارن کە شتێک سەبارەت بە ژیان نازانن و تەمەنی زۆربەیان لە نێوان ٨-١٠ ساڵ دایە و بۆ خزمەتکاریی ڕەوانەی شارەکان کراون. خاتوو ئێدبۆچە دەڵێت ئایا بەڕاستیی ئەوە بنەماڵەکانن کە دەبێت بە تاوانبار بناسرێن، یان ئەو پیاوانەی کە ئەوانیان فریوداوە و دەستدرێژیان لێکردوون. ئێدبۆچە بە دەنگێکی بەرز کە لە تووڕەبوونییەوەیە، دەڵێت:

* (بەڵام لێرەدا هەرگیز پیاو بە بەرپرس و تاوانبار نازانن و لەو بوارەدا هەموو شەرمەزارییەکە بۆ ئافرەتان دەگەڕێننەوە.)

"نۆشا سکاڵی" Nousha Skali پزیشکی دەرمانساز کە لە پێکهێنانی ناوەندێکی یارمەتیدانی یاساییدا هاوکاریی ئافرەتانی کردووە ، دەڵێت:

* ( پۆلیس بە کەمیی سەرنج دەداتە شکایەتی دەستدرێژییکردنی سێکسیی بۆ سەر ئافرەتان. پۆلیس لەگەڵ ئافرەتێک کە دەستدرێژیی سێکسیی لێکرابێت، وەک تاوانبارێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. لێی دەپرسێت: چ جلوبەرگێکت لەبەر دابووە؟ یان تۆ لە شەقامەکاندا چیت دەکرد؟)

فاتمە زرا تۆفیق کە لە نانەواخانەیەکدا کار دەکات، کوڕێکی حەوت مانگی هەیە کە هێشتا نەیتوانیوە ناوی بنێت. دۆستەکەی "باوکی منداڵەکەی"، ئامادە نیە کە فاتمە تۆفیق بە هاوسەری قبوڵ بکات، یان منداڵەکەی بە ناوی خۆیەوە بێت. ئەویش بۆ ناونانی منداڵەکە بە ناوی خۆیەوە، دەڵێت دەبێت باوکی یان براکەی ڕێی بدەن کە ئەوانیش ڕازیی نین. دەڵێت باوکم قیژاندی بەسەرمدا و گوتی: (هەرگیز نامەوێت جارێکی تر بتبینم و چاوم بەو منداڵە حەرامزادە بکەوێت.) لە کاتێکدا کە فرمێسکەکانی دەسڕییەوە، گوتی: (براکەم گوتی ئەگەر جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە، خۆت و منداڵەکەشت دەکوژم.) لەبەرئەوە لە ناسنامەی منداڵەکەیدا نوسرابوو "وادیە"، واتە باوک نەناسراو و پاشناوی نیە.

لە کارگەی ماسیدا کە ڕەشیدە کاری لێدەکات، نزیکەی ٥٠ ئافرەت لە ژوورێکی پیسدا دەژین! زۆربەیان بێ شووکردن منداڵیان هەیە. ئەو ئافرەتانە چونکە گرنگییان بە پرسیارەکانی من نەدەدا، ئامادە نەبوون کە پاشناوی خۆیانم پێ بڵێن.

زارا ئافرەتێکی ٤٥ ساڵە، دەستی بە پولەکەی ماسی داپۆشرابوو، بە مەبەستی بەخێرهێنانم دەستی بەرزکردەوە. لەگەڵ پێنج ئافرەتی تر و سێ منداڵی خۆی کە یەکێکیان تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو بە ناوی "هەربیا" و لەو کارگەیەدا لەدایک ببوو، هەر لەوێش کاری دەکرد و لە ژوورێکدا دەژیان. زارا دەڵێت: (هەربیا کچی پۆلیسێکە کە لە گۆڕستانەکەی شار بەزۆر دەستدرێژیی لێکردووم.)

ڕەشیدە بە ڕوخسارە خەمبارییەوە هەست بە بوونی "هیبا" کچە چوارساڵانەکەی دەکات و کچەکەی تەنیا خۆشیی ژیانیەتی. لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بۆ پارە پەیداکردن ڕەوانەی شار کراوە.

ئەو هەلومەرجە تەنیا ئافرەتانی مەراکیش ناگرێتەوە، بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی ئیسلامییدا ئافرەتان بە شێوازی جیاواز لەو دۆخەدا دەژین و ئەگەر ئافرەتێک لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی هاوسەریی خێزاندا لە دایک بووبێت، هەر بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن. لە "کەراچی" کە یەکێکە لە شارە گەورەکانی پاکستان، ساڵانە ١٦٥٥٠ منداڵ فڕێدەدرێن کە ٩٩% یان کچن(٢).

گوێ لە داستانی "ڕەعنا عەرەفات" بگرن کە چۆن کوژراوە. ڕەعنا عەرەفات کچێکی ٢٣ ساڵەی وڵاتی "ئوردن" بووە. تاوانی شوونەکردن بوو بە پیاوێک کە خێزانەکەی بۆیان دیاریی کردبوو. کەسێکی تری خۆشدەویست، بەڵام چونکە ئامادە نەبوو خۆی بداتە دەست کەسێکەوە کە ئەوان بۆیان دیارییکردبوو، خێزانەکەی بەجێهێشت و ڕایکرد، بەڵام بە ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵەی کە لە تەلەڤزیۆندا بڵاوکرایەوە کە خێزانەکەی زۆری لێناکەن و با بگەڕێتەوە ماڵەوە، خۆی ئاشکرا کرد و گەڕایەوە ماڵەوە، کەچی ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی لە ١٩ ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٩٧ دا براکەی پێنج گوللەی پێوەنا و کوشتی(٣).

"عەزیزە تومبول " Azize Tumbul کچێکی ١٤ ساڵەی باکوردی کوردستان، قوربانییەکی تری ئەو دیاردەیە کۆن و پاشکەوتووەیە. عەزیزە دوای پەیوەندیی لەگەڵ کوڕێکی ١٩ ساڵەی دراوسێیان کە لەوە دەچوو دەستدرێژیی لێ کردبێت، لە لایەن دوو برایەوە دەبرێتە دەرەوەی شار تا بە خنکاندنی لە کاناڵێکی ئاودێرییدا، پەڵەی شەرمهێنەر لەسەر خێزانەکەی بسڕنەوە! بەڵام بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ماودایەکی دوردا خۆی لە ئاوی کاناڵەکە ڕزگاردەکات و بە یارمەتی جوتیارانی ناوچەکە کە دەنگی قیژە و هاواری دەبیستن، لە مەرگ ڕزگاری دەبێت. ڕۆژێک بەرلە بە ئاودادانی، براکانی عەزیزە کوڕە ١٩ ساڵەکەیان لە گۆڕەپانی شاردا دایە بەر گوللە و کوشتیان(٤).

ئەوە تاکە نمونەیەک نەبوو کە لە گۆڕەپانی ئەو شارەدا دەبینرا، دوو ڕۆژ بەرلەو کارەساتە کوڕێکی ١١ ساڵە، ملی خوشکە ١٠ ساڵانەکەی خۆی بەو تاوانەوە بڕی کە لە ڕادیۆی شارەکەیانەوە شیعرێکی عاشقانەی پێشکەش کرابوو. هەروەها "خەدیجە" Hatice ژنێکی ١٢ ساڵان بوو کە بە تاوانی چوونە سینەما بەبێ وەرگرتنی ئیزن لە مێردەکەی، سەریان بڕی. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە تورکیا بەگوێرەی یاسا ئەو جۆرە کوشتنانە یاساخە و بە تاوانی مەزن دەژمێررێت و سزاکەی مەرگە، بەڵام ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە کوشتنانە لە شەش ساڵ زیادتر زیندانی ناکرێن! چونکە دادوەرانی تورکیا بەگشتیی ئەو جۆرە کوشتنانە لە بەرامبەر دیاردەیەکی هاندەرانەدا دەبینن کە لایەنی ڕووبەڕوو پێکهێنەریەتی، بۆ ئەوەش سزای سەختیان نادەن. هەروەها خێزانەکان بە گشتیی بۆ دەربازبوون لە سزای سەخت، تاوانەکە ئەخەنە ملی برای بچوک و بە هۆی تەمەنی کەمیانەوە لە دوو ساڵ زیادتر لە زینداندا نامێننەوە(٥). ئەو کارەساتانە بەبێ ئەوەی کە بە گشتیی پەیوەندییان بەو دیاردانەوە هەبێت، بە بەردەوامیی لە وڵاتانی تریشدا بەرچاودەکەون.

١- وتاری Marlise Simons، دوای دەستدرێژیی، تەمەنێک شەرمەزاریی ، ئەوە مەراکیشە. لە ڕۆژنامەی ئەغادیر وەرگیراوە. نیویۆرک تایمز، دوو شەممە ، یەکەمی فێبرواریی ١٩٩٩، بەشی نێونەتەوەیی ، لاپەڕەی YNE 4 A.

٢- Goodwin Jan. Price of Woman, Boston, 1994. p. 64.
بەڵگەی فارسی ، لە لاپەڕەی ٦١٥ موسوڵمان و موسوڵمانیی وەرگیراوە.

٣- سەرچاوەی ئەو زانیارییە فیلمێکی دۆکیومێنتییە بە ناوی "سزای ناموسیی" کە Shelly Saywell دەرهێنەریەتی و لە وتاری "اعظم کم گویان" لاپەڕەی ١٤ی گۆڤاری "همبستگی" ئۆرگانی فیدراسیۆنی سەرانسەریی پەنابەرانی ئێرانیی ژمارە ٨١ مای ساڵی ٢٠٠٠ وەرگیراوە.

٤- لۆس ئەینجلس تایمز ، ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٠ ، وتاری لە تورکیای مۆدێرندا ئافرەتان وەک ڕابوردوو، کۆڵەباری شەرەفی بنەماڵەیان بەکۆڵەوەیە.

٥- هەمان لاپەڕە.

٢٢/١٠/٢٠٠٩

نیشتمانیک لە گوڵ

# هزری نەتەوەیی لە شێعری فایەق بێكەس دا

سامان فەقێ نەبی

فایەق بێكەس، شاعیرو رووناكبیرێكە كەشیاوی ئەوەیە شانبەشانی حاجی قادری كۆیی و پیرەمێرد لەبواری وروژاندنی گوتاری ناسیۆنالیستی لەنێو ئەدەبیاتی كوردی دا بە پێشەنگی بزانین. فایەق بێكەس



ئەگەر هەژاریی ئەو دەرفەتەی لێ نەستاندبا كە لەجیاتی جگەرە فرۆشتن و كرێكاری و ...، درێژەی بەخوێندنی ئاكادێمیك دابا،بێ گومان لەئاستی ئەدەبیاتی جیهاندا هاوشێوەی رووناكبیرانی پێشەنگی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی وەک هێردێر و فیختە كاریگەری و شوێن¬ پێی بەسەر فكرو ئالیدیای مرۆڤ لەهەموو كون و قوژبنێكی جیهاندا دیار دەما. ئەگەر داگیر كردنی خاكی ئاڵمان لەلایەن فەرانسە بووە بە هاندەرێک كە چەشنێک لە ناسیۆنالیزمی رۆمانتیكی لە هزری هێردێرو پاشان فیختە دا چەقەرەی بكا و لەناو رەگ و دەمارەكانی هەموو تاكەكانی ئاڵمان دا بڵاو بێتەوە، بەهەمان شێوە دابەش كردنی كوردستان بەسەر دراوسێكانیدا و ئەو هەقارەتەی كە میللەتی كوردیش تووشی هات، بێكەسی شاعیرو رووناكبیری هان داوە كە بە روانگەیەكی رەخنەگرانەو تەنانەت لەهێندێک بارەوە حماسی و رۆمانتیكەوە، ناسیۆنالیزمی كورد لەبواری ئەدەبیاتدا بێ خاوەن نەهێڵێتەوە.

بێكەس هاوشێوەی رووناكبیرانی ئاڵمانی ئەو راستییەی لەبەچاو گرتوە كە هەستی نەتەوایەتی لەنێو كورددا هەر وەكوو ئاڵمانی‌یەكان لە بەراورد لەگەڵ دراوسێكان درەنگتر پەیدا بووەو پەیدا بوونەكەشی تارادەیەک بەشێواوی بووە.

ئەگەر ئەو شێواوییە بۆتە هۆی ئەوەی كە رووناكبیرانی پێشەنگی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی تاک گەرایی و روشنگەری بخەنە پەراوێزەوە، لای بێكەسی شاعیریش ئەو شێواوییە بەجۆرێک لەجۆرەكان خۆی دەرخستوەو لە هێندێک حاڵەتدا بە شێوەیەكی رۆمانتیک و حەماسەیەكی لە رادەبەدەر دەركەوتوە و لە هێندێک حاڵەتی تریشدا بەپێچەوانە بە نێو ناهومێدی و داماوییەكی قورسدا رۆچووە و وای لێ‌هاتووە كە وەكوو گرێكان بە تووورەییەوە لۆمەی نەتەوەكەی بكا.

بۆ ئەوەی ئەو هەورازو نشێوییە لە شێعری ناسیۆنالیستیی بێكەسدا روونتر دیارخەین، لێرەدا ئاماژە بەچەند نموونەیەک دەكەین.

بارودۆخی پاشكەوتووی كۆمەڵگەی كوردی وای¬كردووە كە بێكەس نەک وەک رووناكبیرێكی گۆشەنشین بەڵكو وەک خەباتكارێک كێشە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی نەتەوەكەی بەزمانێكی سادە بخاتە سەر كاغەز و بەو قۆڵ لێهەڵمالینەی بەشێک لە كەلێن و بۆشایی‌یەكانی گوتاری ناسیۆنالیستیی كورد قەرەبوو بكاتەوە، بۆ وێنە لەم شێعرەدا ئەو پەڕی باوەڕمەندیی خۆی بە ئیرادەی نەتەوەی نیشان دەدا:



قەومی كورد ئیسپاتی كرد بۆ عالەمی سەر رووی زەمین
میللەتێكی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین
میللەتێ لاوی لەرێگەی سەر بەخۆیی نیشتمان
بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بە خەندە و پێكەنین
قەومی وا نامرێ ، ئەژی، با دوژمنی هەر شەق بەرێ
ساحێبی رۆلەی نەبەردە، خاوەنی عەزمی مەتین
ئەو كەسەی گیانی لە رێگەی نیشتمانا بەخت ئەكا
پێی مەڵێن مردوو، شەهیدە، وا لە فیردەوسی بەرین
لاوی كورد مەردە، لە مردن قەتعی‌یەن باكی نی‌یە
پەندی پێشینانە، راستە"بەرخی نێر بۆ سەر بڕین"
وا وەتەن دیسان بە مەحزوونی ئەڵێ: ئەی لاوەكان
بۆ چی وا مات و مەلوولن، بەسیەتی شین و گرین!
رۆژی تێكۆشانە، سا دەی هیممەتێ تاكو زووە
بەشكو لەم حاڵەتە نەجاتمان بێ و لە دیلی دەربچین!
گەرچی هەندێ كەس خەریكن ورگ و گیرفان پڕ ئەكەن
شەو بە بێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەرسەرین
پیاو ئەبێ دائیم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ
ئەو كەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاكە نین

پیرۆزیی وەتەن لای بێكەس نەگۆڕە، بەڵام گەورەیی میللەت بەوەوە بەستراوە كە تاچ ئاستێک ریبازی نیشتمانپەروەری‌و خەبات و دووركەوتنەوە لە نیفاق پەیرەو دەكا و غەیری ئەوە میللەت شایانی نەمان و فەوتانە.

سەرەڕای ئەوە هەروەكو ئاماژەی پێكرا وەكو هەموو مرۆڤەكان كات و شوێن كاریگەرییەكی بەرچاوی لەسەر باری دەروونی بێكەس داناوەو ئەمەش وای كردووە كە هێندێک جار ناوەڕۆكی شێعرەكانی رەخنەیەكی تیكەڵ بە ناهومیدی بە خۆوە بگرێ و تارماییەک لە نێهێلیزمی نیچەیی باڵ بەسەر قەڵەمەكەی بێكەس دا بكێشێ. ئەو شێعرەی خوارەوە لوتكەی ئەو جۆرە حاڵەتە تایبەتیانەی بێكەسە:

كورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد، نۆكەری بێگانەیە
دوودڵن، پیسن لەگەڵ یەک، بۆیە وا بێ لانەیە
میللەتێكن بۆ نەمانی یەكتری هەر هەوڵ ئەدەن
داخەكەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیە
سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڕڕەیەک باوی نی‌یە
پیاوەتی لایان بە تەنها چەقتەوو جامانەیە
بۆ قسەی زل بی قوسوورن، باسی كوردییەت ئەكەن
كوردییەت خورمایە بۆچی، یا قسەی شێتانەیە

میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستقلال ئەگا
واسیتەی بەرزی و تەرەققی هیممەتی مەردانەیە

بێکەس لەخۆشباوەڕی و لەئاکامدا بێ هەڵوێستیی کۆمەڵگە بەتوندی رەخنە دەگرێ و بە نیشانەی کرچ و کاڵی بیر کردنەوەی خەڵکی دەژمێرێ. هەربۆیە لە هەندێک لە شێعرەکانیدا بەردەوام داوا لە میللەت دەکا کە پتر لە هەموو شتێک حیساب لەسەر ئیرادەو هیممەت و کردەوەو پراکتیکی خۆیان بکەن و ئەوان لەو راستییە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەو میللەتانەی کە تەنیا هەر وەک تەماشاچی چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە دەستێکی مژدەبەخش لە ئاسۆیەکی دوورەوە بێ و خەونی بەختەوەرییان بۆ وەدی بێنێ، هیچکات رووی رزگاری و بەختەوەری بە خۆیانەوە نابینن و لەو شێعرەی خوارەوە بە زەقی ئەو پرنسیپە لۆژیکییەی دەربڕیوە:

دەنگ بلاوەو خەڵق ئەڵێن ئەمجارە کوردە سەربەست ئەبێ
چی ئەڵێن، بیڵێن لەلام وایە درۆو چاوبەست ئەبێ
سەد هەزار جارمان سیاسەت تەجروبە کرد و کەچی
ئیستەکەش زۆرمان بە فیشاڵی وەها سەرمەست ئەبێ
کەی حوقووق ئەدرێ؟ ئەسەنرێ. عەیبە ئیتر تێ بگەن
سەربەخۆیی چۆن نەسیبی قەومی وا بێ دەست ئەبێ
میللەتی جاهیل لە دنیادا ئەبێ هەر بەندە بێ
نۆکەری هەر خشت بە باڵای قەومی دیل و پەست ئەبێ

هەر لەو پێناوەشدا لە پشت قەفەسی زیندانەوە هەرئەوە دووپات دەکاتەوە کە تاکە رێگەی سارێژ کردنی ئەو برینە دڵتەزینانەی کە میللەتی کورد لەکۆڕی خەباتدا تووشی دەبێ و رێزگرتن لەبەهای ئەو کوێرەوەرییەی کە لاوانی خوباتگێری نیشتمان لەپێناوی ئازادیدا داویانە، درێژە دانە بە تێکۆشان و سارد نەبوونەوەیە لە خەبات و بەر خۆردان و قامک دەخاتە سەر ئەو راستییە کە "گەلێک ئازادیی بوێ




دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا" و قەت نەسرەوێ:
ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تێ نەگەی
حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنێتە سەر
قەت گڕو کڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە
باسی مەحزوونی و کەساسیی خۆت نەکەی توخوا وەتەن
چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولێتەوە
ماتەمینی تا بەکەی، دەی پێکەنە و سەر هەڵبڕە
موقتەخیربە، شوهرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە
نەگبەتی لاچوو، سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ
کەوکەبی بەخت و فریشتەی بەرزە، ئەدرەوشێتەوە
گەرچی بەینێکە زەلیل و دیلی دەستی زاڵمی
نۆبەتی شادیتە ئەمجا ناحەزت لێک بێتەوە
لافی میللیییەت بەدەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە
ڕۆژی هەوڵە، هەر بەهیممەت گۆی هونەر ئەبڕێتەوە
بێ قوسوورە، چەند جەسوورە سەد شوکر ئەولادەکەت
وا لە ڕێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە
بەسیە، تەعنەم لێ مەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم
هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست وپێم دەکرێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت کەم وەکوو سەگە بیخەمە ژێر پێتەوە.

سەرچاوە: دیوانی بێ کەس، ڕێکخستنی محممەدی مەلا کەریم
تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە ٥٢٢ ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

کوردستان و کورد

یەکبوون United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# ڕۆژهەڵاتی ناوین (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)

**لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد**

**ڕۆژهەڵاتی ناوین یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی** جوگرافییە بریتی لە وڵاتەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و وڵاتی میسر. زاراوەکە لەم دواییە لە هەندێک بەستێندا پەرەی سەندووە و وڵاتانی ئەفغانستان و پاکستان و ناوەچەکانی قەوقاز، ئاسیای ناوەڕاست و باکووری ئەفریقاشی گرتۆتە خۆ. تەنانەت هەندێجار وەکوو هاوواتایەک بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک، لە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی دووردا بەکار دەبردرێ.




بەگشتی، ئەم زاراوەیە هەر لە سەرەتاوە مژاوی بووە و تا ئێستا بە ناوچەیەکی جوغرافیایی کە هەمووان لە سەری کۆک بن پێناسە نەکراوە.

زمانە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بریتین لە: عەرەبی، فارسی، تورکی، کوردی، عیبری و ئاسووری. شارە گەورەکانیشی ئەمانەن: قاهیرە، ئەستەمبوڵ، تاران و بەغدا.

**زاراوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەو وڵات و شارستانیانەی کە لەو ناوچە جوگرافیەدا هەن، ئەم ناوچەیە ناونراوە لە سەردەمی دۆزینەوە جوگرافیەکان لەلایەن شارەزایانی جوگرافیا لە سەردەمە دێرینەکاندا، کە ئەم ناوچەیە لانکەی شارستانیەتە مرۆڤاییتیەکان ولانکەی هەموو ئاینە ئاسمانیەکانە.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بارگرژترین ناوچەکانی جیهانە لە ڕووی ئاساییشەوە، کە زیاتر لە ١٠ جەنگی بە خۆوە بینیوە، لەوانە، شەڕی عەرەب ئیسرائیل و شەری عێراق ئێران و داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراق، وشەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بۆ عێراق، و کێشەی ئەتۆمی ئێران و شەڕی ئیسرائیل لەسەر فەلەستین و شەڕی نێوان ئیسرائیل و لوبنان، ناتوانرێت پێشبینی تەواو بوونی شەڕ لەم ناوچەیەدا بکرێت بە هۆی ئەو گرنگیە ئابوری و ستراتیژییەی هەیەتی.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژووە دوور ودرێژەکەیدا چەندین شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیلی بە خۆیەوە بینیوە، و دانیشتوانی بە شێوەیەکی گشتی بە دەست هەژاریەوە گیرۆدەن، زۆربەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشت ئەبەستن بە کشتوکاڵ وەک سەرچاوەیەکی داهاتی گشتی و ژمارەیەکی زۆر کەمیان پشت ئەبەستن بە پیشەسازی، و وڵاتە عەرەبیە پەترۆلیەکان ئابوریان پشت ئەبەستێت بە پەترۆل (نەوت) وەک سعودیە و قەتەر و ئیمارات و عومان و کوەیت، جیا ئەکرێنەوە بە پێشکەوتنی پێکهاتووی ئابوریان وبەرزی ئاستی ژیانیان، هەتاکو ئێستا ئیسرائیل بەردەوام ناکۆکی هەیە لەگەڵ وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەو ڕێکەوتنە ئاشتیانەی هەیەتی لەگەڵ میسر و ئوردن.

چەند دەوڵەتێک هەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆر گرنگی دەدەن بە نەوت وەک هەندێک لە وڵاتەکانی کەنداو، وڵاتەکانی کەنداو پێشکەوتنێکی گەورەیان بەخۆوە بینی دوای دۆزینەوەی نەوت تیایاندا بە هۆی داواکردنی بەردەوام لەسەری، بەم شێوەیە دوبەی بۆتە یەکێک لە گەورەترین شارە گەشت وگوزاریەکان لە جیهاندا و هەموو شتێک لەویَ پێش کەوتووە لە ژێرخانی ئابوری و گەشت وگوزاری و زانستی و تەلارسازی و زۆر شتی تر.

وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەیان هەیە لە کەمی ئاو لە ناوچەکە هەروەک زۆر لە وڵاتەکان ناکۆکیان هەیە لەسەر ئەم کێشەیە.

زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەکەوێتە ئاسیاوە (تورکیا، سوریا، عێراق، لوبنان، ئێران، ئوردن، ئیسرائیل، وڵاتەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبی (سعودیە و ئیمارات و قەتەر و یەمەن و بەحرەین و کوەیت و عومان))

## وڵات و ناوچەکان

| | وڵات | ڕووبەر (کم²) | ژمارەی دانیشتوان | پایتەخت | دراو | زمانی ڕەسمی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تورکیا | ٧٨٣،٥٦٢ | ٧٣،٩١٤،٠٠٠ | ئەنقەرە | لیرە | تورکی |
| ٢ | بەحرەین | ٦٦٥ | ٦٥٦،٣٩٧ | مەنامە | دینار | عەرەبی |
| ٣ | کوەیت | ١٧،٨٢٠ | ٣،١٠٠،٠٠٠ | کوەیت | دینار | عەرەبی |
| ٤ | عومان | ٢١٢،٤٦٠ | ٣،٢٠٠،٠٠٠ | مەسقەت | ڕیاڵ | عەرەبی |
| ٥ | قەتەر | ١١،٤٣٧ | ٧٩٣،٣٤١ | دەوحە | ڕیاڵ | عەرەبی |
| ٦ | سعودیە | ١،٩٦٠،٥٨٢ | ٢٧،١٣٦،٩٧٧ | ڕیاز | ڕیاڵ | عەرەبی |
| ٧ | ئیمارات | ٨٢،٨٨٠ | ٥،٤٣٢،٧٤٦ | ئەبوزەبی | دەرهەم | عەرەبی |
| ٨ | یەمەن | ٥٢٧،٩٧٠ | ١٨،٧٠١،٢٥٧ | سەنعا | ڕیاڵ | عەرەبی |
| ٩ | غەزە | ٣٦٠ | ١،٣٧٦،٢٨٩ | غەزە | شیکلی ئیسرائیلی نوێ | عەرەبی |
| ١٠ | عێراق | ٤٣٧،٠٧٢ | ٢٤،٠٠١،٨١٦ | بەغدا | دینار | عەرەبی، کوردی |
| ١١ | ئیسرائیل | ٧٧٠،٢٠ | ٧،٠٢٩،٥٢٩ | تەل ئەبیب | شیکلی ئیسرائیلی نوێ | عیبری، عەرەبی |

| | وڵات | ڕووبەر (کم$^2$) | ژمارەی دانیشتوان | پایتەخت | دراو | زمانی ڕەسمی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | ئوردن | ٩٢،٣٠٠ | ٦،٥٠٧،٤٧٠ | عەمان | دینار | عەرەبی |
| ١٣ | لوبنان | ١٠،٤٥٢ | ٣،٦٧٧،٧٨٠ | بەیروت | لیرە | عەرەبی |
| ١٤ | سوریا | ١٨٥،١٨٠ | ٢٣،٠٢٧،٠٠٠ | دیمەشق | لیرە | عەرەبی |
| ١٥ | زفەی غەربی | ٥،٨٦٠[٣] | ٣،٥٠٠،٠٠٠[٥] | ڕام الله | شیکلی ئیسرائیلی نوێ | عەرەبی |
| ١٦ | ئێران | ١،٦٤٨،١٩٥ | ٧١،٢٠٨،٠٠٠ | تاران | ریال | فارسی |
| ١٧ | قوبرس | ٩،٢٥٠ | ٧٩٢،٦٠٤ | نیقۆسیا | یۆرۆ | یۆنانی، تورکی |
| ١٨ | میسر | ١،٠٠١،٤٤٩ | ٧٧،٤٩٨،٠٠٠ | قاهیرە | جونیەی میسری | عەرەبی |

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە

| | وڵات | ڕووبەر (کم$^2$) | ژمارەی دانیشتوان | پایتەخت | دراو | زمانی ڕەسمی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەرمینیا | ٢٩،٨٠٠ | ٢،٩٦٨،٥٨٦ | یەریڤان | درام | ئەرمەنی |
| ٢ | ئازەربایجان | ٨٦،٦٠٠ | ٨،٦٢١،٠٠٠ | باکۆ | ماناتی ئازەربایجانی | ئەزەری |
| ٣ | جۆرجیا | ٢٠،٤٦٠ | ٤،٦٣٠،٨٤١ | تبیلیسی | لاری جۆرجی | جۆرجی |
| ٤ | ئەفغانستان | ٦٤٧،٥٠٠ | ٣١،٨٨٩،٩٢٣ | کابول | ئەفغانی | بشتۆ، دوری |
| ٥ | پاکستان | ٨٨٠،٩٤٠ | ١٦٩،٣٠٠،٠٠٠ | ئیسلام ئاباد | روبی پاکستانی | ئوردو، ئینگلیزی، بشتۆ |
| ٦ | کازاخستان | ٢،٧٢٤،٩٠٠ | ١٥،٢١٧،٧١١ | ئەلماتی | تینگی کازاخستانی | کازاخی، ڕوسی |
| ٧ | ئوزبەکستان | ٤٤٧،٤٠٠ | ٢٧،٣٧٢،٠٠٠ | تەشقەند | سومی ئوزبەکی | ئوزبەگی |
| ٨ | تورکمانستان | ٤٨٨،١٠٠ | ٥،١١٠،٠٢٣ | عەشق ئاباد | مناتی تورکمانستانی | تورکمانی |
| ٩ | تاجیکستان | ١٤٣،١٠٠ | ٧،٢١٥،٧٠٠ | دوشەنبە | سمونی تاجیکی | تاجیکی |
| ١٠ | قرغیزستان | ١٩٩،٩٠٠ | ٥،٣٥٦،٨٦٩ | بشکیک | سومی قرغیزستانی | قرغیزی، ڕووسی |
| ١١ | جەزائیر | ٢،٣٨١،٧٤٠ | ٣٣،٣٣٣،٢١٦ | جەزائیر | دینار | عەرەبی |
| ١٢ | سوودان | ٢،٥٠٥،٨١٣ | ٣٩،٣٧٩،٣٥٨ | خەرتوم | جونیەی سوودانی | عەرەبی، ئینگلیزی |
| ١٣ | مۆریتانیا | ٤٤٦،٥٥٠ | ٣٣،٧٥٧،١٧٥ | نواکشوت | ئوقیەی مۆریتانی | عەرەبی |
| ١٤ | لیبیا | ١،٧٥٩،٥٤٠ | ٦،٠٣٦،٩١٤ | تەراِبولس | دینار | عەرەبی |
| ١٥ | مەغریب | ٧١٢،٥٥٠ | ٣٣،٧٥٧،١٧٥ | ربیات | دەرهەم | عەرەبی |
| ١٦ | توونس | ١٦٣،٦١٠ | ١٠،١٠٢،٠٠٠ | توونس | دینار | عەرەبی |
| ١٧ | جیبۆتی | ٢٣،٢٠٠ | ٤٩٦،٣٧٤ | جیبۆتی | فرەنک | عەرەبی، فەرەنسی |
| ١٨ | ئەریتریا | ١١٧،٦٠٠ | ٤،٤٠١،٠٠٩ | ئەسمەرە | نەقفە | تەجرینی، عەرەبی، ئینگلیزی |
| ١٩ | سۆماڵ | ٦٣٧،٦٦١ | ٩،٥٨٨،٦٦٦ | مەقادیشۆ | شلنی سۆماڵی | سۆماڵی، عەرەبی |

**گرنگی نێو دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگیەکی گەورەی هەیە لە جیهاندا، ئەویش لە دوو ڕووەوە

**گرنگی ئابوری**

گرنگی ئەم ناوچەیە بە هۆی بوونی نەوتە تیایدا کە ڕێژەی نەوتی پاشەکەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ٦٦% ی نەوتی پاشەکەوتی جیهان ئەخەمڵێنرێت. لە کۆتایی سەدەی بیست دا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکەی سێ یەکی نەوتی جیهانی بەرهەم هێناوە، و ئەم ناوچەیە دابینکەری سەرەکی نەوتە بۆ ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕوسیا و یابان. کە ئەمەش وایکردووە هێزی ئابوری هەندێک لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریەکی گەورە بکاتە سەر نەتەوەکانی ناوچەکە، نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە زۆری کەوتۆتە وڵاتەکانی کەنداوی عەرەبی، لەبەر ئەوە وڵاتە زلهێزەکان هەوڵی دەست بەسەرا گرتنی ئەم ناوچەیە ئەدەن، کە ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم ناوچەیەی کۆنترۆڵ کردووە، سیفەتی تایبەتی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەویە کە زۆر تێ ناچێت، لە هەر بیرێکی نەوت برێکی زۆر نەوت دەرئەهێنرێت و پێویست بە بیری زۆر و قوڵ ناکات.

**گرنگی ستراتیژی**

وشەی ستراتیژی لە وشەیەکی یۆنانیەوە هاتووە لە وشەی (استراتیجوس) و ماناکەی سەرکردەی سەربازی گرنگ ئەگرێتەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ستراتیژیەکی بەهێزی هەیە لە نێو وڵاتەکانی دەوروپشتی، و پردی پەیوەندی نێوان وڵات و قارەکانی جیهانە.

سەرچاوەکان :

ئەحمەد شەبانی، فەرهەنگی زانستی سیاسی، وەشانخانەی زانستگەی کوردستان، ٢٠١٠، لاپەڕەی ١٤٨.

# ماچ کردن دژی لەش ساغیە !!!



ح. س. سۆران

بە ناوی کوردستانی گەورە

یەکێک لە داب و نەریتە هەرە کۆنە کانی کورد و زۆر لە نەتەکانی دیکەی جیهان ماچ کردنە . ماچ ،لە زمانی کوردی دا لەوەدەچێ ، لەو وشانە بێ ، کە ریشەیان لە دەنگەکەیان دایە ، وەک " تەقە " ، " گرمە" و ئەوانە . یانی چون زۆر جار لە کاتی " ماچ کردن" دا ، چەشنە دەنگێکی وەک (چە) دەبیسترێ ، پێیان وتوە ماچ ، رەنگە واش نەبێ ؟

هەرچون بێ ، ماچ زۆر چەشنی هەیە ، کە پاکیان بە رواڵەت بۆ دەربڕینی هەستی بەزە، دڵسۆزی ، بێخەوشی ، بێگەردی و خۆشەویستیە ، وەک :



١- ماچی رامیاری .
٢- ماچی سینەمایی .
٣- ماچی ئایینی نێوان شێخ و مرید و شت .
٤- ماچی دایک و باب و منداڵ وکەسوکار .
٥- ماچی خوێدنکار و مامۆستا .
٦- ماچی ژن و مێرد ، یا دو دەزگیران .
٧- ماچی جێی پیرۆز ، وەک کێل و قسن .
٨- ماچی دو مێوینە بە یەکەوە .
٩- ماچی دو نێرینە بەیەکەوە .
١٠- زۆر چەشنە ماچی دیکەش هەیە .

## ماچ دەکرێ یا دەم وگووپ ماچ کردن بێ .یا دەست و پا ماچ کردن و شتی وا

دیارە لە روانگەی هەست و ئاوەزەوە ، ماچ دەتوانێ بەڵگە و دروشمی پاکی خۆشویستن بێ ، وەک ماچی دایک و باوک و منداڵ و کەسوکار ، ماچی ئایینی ، ماچی زانستی ، ماچی ژن و مێرد و دەزگیران و زۆر چەشنە ماچی دیکەش ، بەڵام ماچی واش هەیە لە گازگرتن خراپترە ، وەک ماچی رامیاری . ماچی واش هەیە وەک لۆکە بۆشە ، وەک ماچی سینەمایی . ماچی واش هەس زۆر سەرپۆرتە ، وەک ماچی دو مێوینە ( ئافرەت ) ، کە زۆرتر بە خشکە ماچە کە دەکرێ .

هەرجۆن بێ ، ئەو بۆچوونانە شتێکی گشتیە ، زۆر شت لە جیهان دا هوموی وەک یەک نیە و ناکرێ بە چەشنێک پۆلێن بکرێن . بەڵام ، ئەگەر لە روانگەی لەش ساغی و ساخلەمیەوە بڕوانین ، ماچ کردن دەبێتە هۆی لەیەک گرتنەوەی نەخۆشی و پەتا ، بە شتێکی پێویست دانانرێ و باشتر ئەوەیە کە وەک زۆر لە داب و نەریتە کۆنە خراپەکان ، لەقەڵەم بخرێ . بۆ وێنە وەک ژاپۆنیەکان ، لە باتی ماچومووچ ، دەکرێ دەست بە سنگەوە بگیرێ یا هەر بە دابی کوردی کرنۆش بکرێ .



پێویست بە وەبیرخستەنەوەیە ، کە لەم سەردەمەدا ، بەو گشتە نەخۆشی و پەتای جۆربەجۆرەوە کە هەیە ، وەک " ئێدز" ، "هەڵامەت " ، دەردەباریکە (سیل) ، و سەدان پەتای دیکە ، ئەگەر داب و نەریتی ماچ کردن لە نێو بچێ رەنگە زۆر باشتر بێ . دیارە ، پزیشکەکان ، دەتوانن زۆر زانستیانە تر لە من لەسەر ئەم باسە برۆن و کارێکی وا بکرێ ئەم دابە مەترسی دارە ،لە ئارشیڤ و مووزەخانەی مێژودا ، بە تەواوی تۆماربێ و بفەوتێ .

تێبینی : بیلامانێ ، پەرژینی قایم بێ ، من لێرەدا نە دەتوانم بۆ راگرتنی رێزی خوێنەر ، پێنووس و کیبۆرد ، باسی ماچی ژن و مێرد و دەزگیرانگەل بکەم و نە پێویستیشە ، چون دڵنیام ئەوانە هێندە زۆر لە یەک نزیکن ، ئەگەر لەوە بترسن نەخۆشی لەیەکەوە بگرنەوە ، هەر دەیگرنەوە و پێشم وانیە بە قسەی " میسیو لوی پاستۆر" و "حەزرەتی فیلیش بکەن" ، تا دەگا بە منی بابردەڵەی یەک لاقە با و هەر جۆر بێ ، ماچی خۆیان هەردەکەنەوە وانێ !!! پشتیوانی ئەم بۆچونەی من ئەوەیە ، کە رەنگە لە هۆنراوە ، فۆلکلۆر ، گۆرانی و بەیت وبالۆرەی کوردی دا ،ئەوەندەی سەبارەت بە تامازرۆیی ماچ باس کراوە ، هێندە سەبارەت بە هەنگوین ، مێوژ، کولێرە چەورە ، کەلانە ، تەنانەت نان وئاویش نە دواون . بۆ وێنە بیستوومانە ، لە کن شاری خانێ ( پیرانشار) ، پلەوبەردێک هەیە بە ناوی "کۆڵانی ماچان" ، کە کوڕان چوون لەوێ خوێان حەشارداوە ، تا بتوانن مامۆستا حەسەن زیرەک وتەنی ، " کچان کە دەچنە مەندۆکێ" و دێنەوە ، لەو کۆڵانە تەنگەبەرە دا ، ماچێکی کوردانەی پێەویان بکەن و لە باتی ئەو ماچە دو دانە ماچیان لێ وەربگرن ، چون دەڵێن بازرگانی ماچ ، زۆر بە سوود و قازانجە ، هەمیشە کە ماچێک دەدەی ، دو ماچ وەردەگری !!!.

پێم خۆش بو لەگەڵ داوای چاوپۆشی دا ، تۆزێکیش قسەی خۆش و سیرینتان بۆ بکەم ، دەنا هەرچون بێ ، ماچ کردن دژی لەش ساغیە .

تاران - ٢٧٠٨/٥/٢٢

# یادێک لە ماڵئاوایی توفیق وەهبی نووسەر، زمانەوان و مێژوو نووسی ناوداری کورد

نووسینی: عەبدولموتەلیب

نووسەری لێهاتووی و زمانەوانی وردبین و مێژوونووسی ناوداری کورد "تۆفیق وەهبی بەگی کوڕی مەعرووف" لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩١دا لەشاری سلێمانی لەدایکبووە.
هەر منداڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، خوێندنی سەرەتایی لەشارەکەی خۆی تەواو کردووەو لەساڵی١٩٠٤دا چۆتە بەغدا و خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی سەربازی بەزیرەکی تەواو کردووە.
ئینجا ڕووی کردۆتە شاری ئەستەمبۆڵی پایتەختی وولاتی عوسمانی بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵاتری، لە کۆلێژی ئەرکان وەرگیراوەو بۆتە ئەفسەری ڕوکن لە سوپای عوسمانی.
کە جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی١٩١٤دا ڕوویداوە، بەشداری لە شەڕی "چەنە قەلعە" لە دەردەنیل دا کردووەو لەدواییدا ڕەوانەی خوارووی ئێراق کراوە بۆ بەشداریی کردن لەبەرەی جەنگ لەدژی هێزەکانی بەریتانیا لە "شعێبە" و لەکاتی کشانەوەی سوپای عوسمانی بەرامبەر بە هێزەکانی بەریتانیا لە مانگی ئەیلوولی ١٩١٧دا بەشداریی کردووە لەبەرەی جەنگی ڕومادی و کاتێکیش کە ئەو شارە کەوتۆتە چنگ هێزەکانی ئینگلیز ئەم بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بەرەو شاری هیت کشاوەتەوە.
لەساڵی ١٩١٨دا گواستراوەتەوە بۆ بەرەی جەنگی فەلستین و پایەی سەرەبازی بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی ڕائید و مەدالیای قارەمانی لەسەکردەی ئەڵمان وەرگرتووەو ئەوەی شایانی باسە زۆربەی سەرکردەکانی تیپی سوپای عوسمانی ژەنەراڵی ئەڵمان بووە، چونکە لەو جەنگەدا عوسمانی و ئەڵمانیا هاوپەیمان بوون لە دژی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەمەریکا شەڕیان دەکرد.
کاتێک کە ئەو جەنگە جیهانییە بەشکانی دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانەکانی لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا کۆتایی هات، تۆفیق وەهبی بەگ گەڕایەوە کوردستان و ئینجا چووە بەغداو بووە یەکێک لە ئەفسەرە دیارەکانی کورد لەدامەزراندنی سوپای ئێراق لە ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١دا.
کاتێک کە شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی ١٩٢٢دا لە هیندستان گەڕێنرایەوە سلێمانی و بووەوە پاشای کوردستان، تۆفیق وەهبی بەگ لەمانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەی ١٩٢٢دا چووە پاڵ بزووتنەوەکەی ئەم سەرکردەیەی کورد و کە ئەم بزووتنەوە و فەرمانڕەواوەکەی شێخی حەفیدیش بەدەستی ئینگلیزەکان لەناوبران، تۆفیق وەهبی بەگ بۆ ماوەی ٤٢ ڕۆژ گیرا و کە ئازادکرا لە دوا دوای ساڵی ١٩٢٣دا کرا بە کارگێڕی بزوتنەوەکان لە شالیارێتی بەرگری ئێراق و لەمانگی ئابی ١٩٢٥یشدا کرا بە بەڕێوبەری قوتابخانەی سەربازی لە بەغدا و پلەی سەربازی بووە موقەددەم و لەساڵی ١٩٢٩ دا ناردرا بۆ ئینگلتەرە بۆ بەشداریی کردن لە خولێکی بەرزکردنەوەی شارەزایی سەربازی و لەساڵی ١٩٣٠دا پلەی عەقیدی پێدار و کرا بە موتەسەریفی پارێزگاری سلێمانی، بەڵام بەر لە قەومانی شەڕەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بە دەرکی سەرای سلێمانی لە کارەکەی دوورخرایەوە کەچی لەساڵی ١٩٣١ لەدوا شەڕی شێخ مەحموود لە ئاوباریک لەدژی دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەوایی ئێراق ماوەیەک گیرا و تاوانی هاندانی خەڵکیان بۆ داواکردنی فەرمانڕەوایەکی کوردی خستە پاڵ و ماوەیەک بێ کارو فرمان مایەوە تاکو لەساڵی ١٩٤٦ ئەم کەسایەتییە بەناو کورد کرا بە شالیاری ئابووری ئێراق لە شالیارییەکەی حەمدی پاچەچی داو دوای ئەوەش تاکو ساڵی ١٩٥٨ گەلێک جار بەناوی کورد کراوە بە شالیاری بەرگری و مەعاریف.
لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٨دا کراوە بە ئەندام لە ئەنجوومەنی پیاوماقووڵانی ئێراق "مجلس الاعیان" و لەدوای شۆڕشی١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ دا ئێراقی جێهێشتووەو چووەتە شاری لەندەن و دوا ساڵەکانی ژیانی لێ بەسەر بردووەو هەر خەریکی نووسینی مێژووی کورد و نووسینی بابەتی زمانەوانی کوردی بووەم تاکو لە ڕۆژی ٥ی ژانوییەی١٩٨٤ دا لەو شارە لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەچیای پیرەمەگروون لە تەنیشت گۆڕی پیاوچاکی کورد پیرەمەگروون بەخاک سپێردراوە.

بەرهەمەکانی تۆفیق وەهبی بەگ

مامۆستا تۆفیق وەهبی گەلێک پەرتووکی بەنرخی لەبارەی زمان و مێژووی کوردستانی کۆن بەزمانانی کوردی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی داناوەو زۆربەیانی چاپکردووە.

**یەکەم: بەرهەمە کوردییە چاپکراوەکانی**

١- دەستووری زمانی کوردی - بەغدا ١٩٢٨، ١١٤ لاپەڕەیە
٢- خوێندەواریی باو - بەغدا ١٩٣٣، ٤٤ لاپەڕەیە
٣- قسنێک لە کوردستان - بەغدا ١٩٤٧، ١٨ لاپەڕەیە
٤- فەرهەنگی کوردی - ئینگلیزی (هاوبەش)، لەندەن ١٩٦٥، ١٧٩ لاپەڕەیە

**دووەم: بەرهەمە چاپکراوەکانی بە عەرەبی**

١- رجعیە المانیا و عبادة القوة - بەغدا ١٩٤٢، ٣٦ لاپەڕەیە
٢- الاصل و الاستطراد في اصل معنى بغداد - بەغدا ١٩٥٠، ٥١ لاپەڕە
٣- قواعد اللغة الكردية ج (١) بیروت ١٩٥٦، ١١٢ لاپەڕە
٤- قواعد اللغة الكردية ج (٢) بیروت ١٩٥٦، ٥٥ لاپەڕە
٥- التون كوپری - بەغدا ١٩٥٦، ٢٨ لاپەڕە
٦- سخرة من دربند بازیان الى تاسلوجه - بەغدا ١٩٥٦، ٣٦ لاپەڕە
٧- حول مقال مسئووليه الاديب الكردى للاستاذ عبدالمجيد لطفى - بەغدا ١٩٧٣، ١٥ لاپەڕە

**سێیەم: بەرهەمە چاپکراوەکانی بە ئینگلیزی**

١- ئەشکەوتی گندۆک - بەغدا ١٩٤٩
٢- پاشماوەی میسرائیەکان (ئێزدییەکان) لەندەن ١٩٦٢
٣- خوێندنی کوردی - بەشی یەکەم لەندەن ١٩٦٨

ئەوەی شیاوی باسە مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ لەدوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ١٩٧١دا بە ئەندامی شانازی هەڵبژێردراو گەلێک لێکۆڵینەوەی گۆڤاری کۆڕدا نووسی

ماڵپەڕی کورد و کوردستانی



# منداڵان



## قەلە ڕەشێکی نەفامو مشکێکی ژیر

نووسینی / حاتەم باتاسی

جارێکیان ڕاوچیەک لەناو دارستانێکدا داوی بۆ گرتنی باڵندە دانایەوە، ماوە بە ماوە دەچووە لای داوەکە بەڵکو باڵندەیەکی سوودبەخشی پێوە بووبێت...ڕۆژێک قەلە ڕەشێکی بەدبەخت دەکەوێتە ناو داوەکە، قەلەڕەشەکە بەمە زۆر دڵتەنگ بوو هەموو گیانی لەترسا دەلەرزیو نەیدەزانی چی بکات! بەڵام پێش ئەوەی ڕاوچیەکە بهێتە شوێنەکە مشکێک ڕێگای دەکەوێتە نزیک قەلە ڕەشەکەو بۆیە پێی ئەڵێت:- ئەوە بۆ هەتا زووەو ڕاوچیەکە نەهاتووە بەفریای خۆت ناکەویت؟!

قەلەڕەشەکە وتی:- من لەناو ئەو داوە بە تەنیا چیم پێ ئەکرێت مەگەر تۆ بەفریام بکەویتو ڕزگارم بکەیت. مشکەکە وتی:- تۆ ئەگەر ژیر بیت بە تەنیاش زۆر توانات هەیە، چونکە توانا سەرچاوەکەی لەژیرێتیەوە هەڵدەقوڵێت، تاوەکو خۆت پێیەوە لەناو ئەو داوە ڕزگار بکەیت . قەلەڕەشەکە وتی:- پێ دەچێت تۆ زۆر هۆشمەند بیتو توانای ئەوەت هەبێت پێش ئەوەی بکەومە چنگی ڕاوچی ڕزگارم بکەیت... مشکەکە وتی:- ئەی قەلەڕەش تۆ دەنووکێکت هەیە دەتوانی زوو هەر لەناو داوەکەخەریکی لێک پچڕانی داوەکە بوویایت تاوەکو شوێنی لەشت تیا دەکردەوە کە بەو شێوەیە ڕزگار دەبوویت. قەلەڕەشەکە وتی:- ڕاست دەکەی بۆیە هەر ئێستا بەو دەنووکەی خۆم خەریکی لێک پچڕانی داوەکە ئەبم تاوەکو بەبارتەقای لەشم دەیپچڕێنم بەڵکو بتوانم گیانم لەو مەترسیە ڕزگار بکەم. مشکەکە وتی:- کەواتە بۆ ئەوەی هەتا زووەو ڕاوچیەکە نەهاتۆتە ئێرە با پەلەبکەین من لەدەرەوەی داوەکەو تۆش هەر لەناو داوەکە پێکەوە خەریکی پچڕپچڕ کردنی داوەکە ئەبین. دوای ئەم گفتوگۆیە پێکەوە دەستیان بە ئیش کرد تا توانیان داوەکە بپچڕێننو قەلە ڕەشەکەش لەناو داوەکە بهێتە دەرەوە، ئینجا قەلە ڕەشەکە هەناسەیەکی پڕ لەخۆشی هەڵکێشاو زەردەخەنە سەر لێوەکانی گرتو پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی مشکەکەی کرد کە بەهیمەتی ژیرێتیو ئازایەتی ئەو توانی لەچنگی ڕاوچی گیانی لە مەترسی ڕزگار بکرێت وە فێریش بێت لەمەودوا چۆن بەهۆی ژیرێتیەوە پشت بەتوانای خۆی ببەستێت

## چۆن متمانە بەخۆ بوون لە منداڵدا دروست دەکەیت ؟

لێکۆڵینەوەی زانستی یەکان ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە ئەو کەسانەی بێ هیمەتی و ڕەش بینی و بێ‌متمانەیی و عینادی بەسەریاندا زاڵە (٨٥%)ی ئەو کەسانەن کە لە منداڵیدا بە شێوازی سەقەت پەروەردە کراون و مامەڵەی نادروستیان لەگەڵدا کراوە، فەرموون ئێوەو (٢٥ ) هۆکاری دروست کردنی متمانە بەخۆبوون لە خەڵکی تردا بەتایبەت منداڵ :

١- باسی چاکەکانی بکە لە بەرامبەر خەڵکانی تردا.

٢- پێی بڵێ ئەگەر مەجال بدەی یان بە ڕۆخسەتت.

٣- وەکو منداڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکە و لێی گەڕێ با بەتەمەنی خۆی بژی.

٤- فێری بڕیاردانی بکە.

٥- لە بۆنەو ئاهەنگ بیبە لەگەڵ خۆت با وەکو میوان لەسەری (مجلیس) دابنیشێ.

٦- بۆچوونەکانی وەربگرەو پرسی پێ بکە.

٧- فێری مەلەوانی بکە.

٨- لە ماڵەوە گۆشەیەک لە ماڵەکەی بۆ تەرخان بکە بۆ دانانی شتەکانی خۆی.

٩- یارمەتی دەری بە بۆ دۆزینەوەی هاوڕێی باش.

١٠- وای لێ بکە هەست بە گرینگی و گەورەیی خۆی بکات.

١١- هەوڵ بدە بنەما ئیمانی یەکان بە خوا لە مێشکی دا بچێنێ و نوێژی جەماعەتی لەگەڵدا بکە.

١٢- فێری توانای قسەکردن و پێشکەش کردنی بکە.

١٣- فێری بکە چۆن زانیاری یەکان بخوێنەوە و سودی لێ ببینە.

١٤- وەڵامی پرسیارەکانی بەڕاست و دروستی و بە پێی تواناکی بدەرەوە.

١٥- فێری نەخشەدانان وکارکردن بە نەخشە بکە.

١٦- ئەگەر پەیمانێکت پێ دا بۆی جێ بەجێ بکە.

١٧- فێری دروست کردنی هەنێک خواردنی سادەو ئاسانی بکە.

١٨- فێری هێزی بەرەکەتداری بکە , کە خوای گەورە بەرەکەت دەخاتە ناو پێداویستەکانمان.

١٩- فێری کاری دەستە جەمعی بکەو بڵێ سوننەتی ژیان وایە.

٢٠- هەڵی بنێ لەسەر ئاراستە کردنی پرسیارو گفتوگۆکردن.

٢١- وای لێ بکە هەست بەوە بکات کە جیاوازە لەگەڵ هاوڕێکانیدا , لە چەندین بواردا لە جل و بەرگ و ڕەوشت جوانی و زانست و ... هتد.

٢٢- هۆکاری بڕیارەکانی خۆتی بۆ ڕوون بکەوە.

٢٣- یەکەم ڕۆژی دەست پێ کردنی بە خوێندنی برۆ لەگەڵیدا.

٢٤- چیرۆک و بەسەرهاتەکانی سەردەمی منداڵی خۆتی بۆ باس بکە.

٢٥- کارئاسانی بۆ بکە با ئەو ڕۆڵی مامۆستا ببینێ تۆش ڕۆڵی قوتابی لە هەندێک کاتی تایبەت.

# تەندروستی

## تایبەتمەندییەکانی میوەی پرتەقاڵ

ئاریز ئەحمەد .. پرتەقاڵ یەکێک لە بەسوودترین میوەکانە بۆ تەندروستی مرۆڤ و بەتایبەت خواردنی ئەم میوەیە لەوەرزی زستان مرۆڤ لەبەرامبەر نەخۆشییەکانی وەک پەتا و هەڵامەت دەپارێزێت.



یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی میوەی پرتەقاڵ دەروونی ئەو کەسانەی کە تووشی بێخەوی بوون ئارام دەکات و پێویستە ئەو کەسانەی بێ خەویان هەیە 2 کاتژمێر پێش خەوتن پرتەقاڵ بخۆن تاکو دەروونیان ئارام بێ و بتوانن خەوێکی ئاسوودەیان هەبێت.

کارناسان هەروەها دەڵێن: میوەی پرتەقاڵ سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ڤیتامینی C و A و مادە بەسوودەکانی وەک فسفۆر و کەلسیۆم و مەنیزیۆم و ئەمەش سیستەمی دەمارەکانی مێشکی مرۆڤ بەهێز دەکات و سەرئێشە چارەسەر دەکات.

لەبەرنامەی خۆراکی نەخۆشە تووشبووەکان بە شێرپەنجە پرتەقاڵ رۆڵی گرنگی هەیە و وزە بەخشە.

پرتەقاڵ ئەسید و کلۆسترۆڵی ناو خوێن دەسوتێنێت و خواردنی ئەو میوەیە یارمەتیدەرێکە بۆ دابەزینێ کێشی قەڵەوەکان.

## باینجان چارەسەری سکچوون دەکات

زانایانی بواری سەوزەوات دەڵێن" باینجانی رەش لە رێژەیەکی گەورەی سەرچاوە کانزایەکان پێکهاتووە ، لەگەڵ باینجانی سپی کە لە رێژەیەکی زۆری مادەی نیشاستەی پێکهاتووە ، وە ئەم سەرچاوە خۆراکیانەش بە شێوەیەکی بنەرەتی لە توێکلەکەیدا کۆدەبێتەوە ، هەربۆیە زانایان ئامۆژگاریمان دەکەن بە خواردنی باینجانی بێ توێکل.



زانایان ئاماژە بەوەدەکەن کە باینجان سوودێکی گرنگ بە کۆئەندامی میز دەگەیێنێت ، بۆیە ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەن کە بەدەست نەخۆشی بەردی گۆرچیلەوە دەناڵێنن بە خواردنی باینجان ، وە سوود بەو کەسانە دەگەیێنێت کە تووشی سکچوون بوونەتەوە.

هەروەها زانایان دەڵێن" پێویستە ئەوانەی تووشی لاوازی گەدە بوونەتەوە بە رێژەیەکی کەم باینجان بیخۆن ، بەتایبەت منداڵان و بەساڵاچووان ، وە ئەوانەی تووشی هەرس کردن هاتوون ، چونکە هەرسکردنی باینجان قورسەو ماوەی چوار کاتژمێری دەوێ تا بەتەواوی هەرس دەکرێت .

## تایبەتمەندی و سوودەکانی ئاوی هەنار

ئاریز ئەحمەد .. ئاوی هەنار یەکێک لە بەسوودترین ئاو میوەکانی جیهانەو خواردنی ئاوی هەنار تەندروستی مرۆڤ بە تایبەت بەساڵاچووان دەپارێزێت.



١- ئاوی هەنار بەرهەمهێنەری خوێن لە جەستەی مرۆڤە و بەسوودترین خواردنە بۆ تەندروستی گورجیلەی بەساڵاچووان.

٢- خواردنی ئاوی هەنار دەبێتەهۆی خۆشی و سەرزیندوویی مرۆڤ و هەروەها بەسوودە بۆ جوانی پێست.

٣- ئاوی هەنار بەسوودە بۆ دابەزینی گوشاری دەروونی و کەمکردنی "سترێس" و فەرمانبەران و ئەو کەسانە کە لە شوێنی کارکردنیان دوچاری گوشاری دەروونی دەبن دەبێ ئاوی هەنار بخۆن.

٤- ئاوی هەناری چەورییەکانی ناو خوێن لەنێو دەبات و بەسوودە بۆ دابەزینی کێشی لەشی قەڵەوەکان.

٥- ئاوی هەنار بەسوودە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی وەک شێرپەنجە.

٦- خواردنی رۆژانە پەرداخێک ئاوی هەنار دەبێتەهۆی پاڵەوتەکردنی خوێن و ئەمەش دەبێتەهۆی تەندروستی دڵ.

## چا رێگە لە گەشەکردنی بەکتریای ریخۆلەیی دەگرێت

لێکۆلینەوەیەکی تازەی پزیشکی کە لە کۆلیژی زانستی پزیشکی سعودی ئەنجامدراوە دەلێت" ، چا لە مادەیەک پێکهاتووە کە دژی ژمارەیەک بەکتریای رێخولەیی دەوەستێت .



کۆمەلێک توێژەری بەشی تەکنیکی پشکنینی پزیشکی هەڵساون بە ئەنجامدانی ئەم لێکۆلینەوەیە دەربارەی کاریگەری چای سەوزو رەش و چای گیایی لەسەر ژمارەیەک جۆری بەکتریا ، لەوانەش بەکتریای رێخۆلەیی و سالمونیلاو سودومۆناس و کولێرا .

دواتر بۆیان دەرکەوتووە کە خواردنەوەی چا بە هەموو جۆرەکانیەوە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە رێگەگرتن لە گەشتەکردنی ئەم بەکتریایانە .

لەم لێکۆلینەوەیەدا کە لەسەر ژمارەیەک قوتابی دەرنجام دراوە دەرکەوتووە ، کە ئەوانەی گرنگی بەخواردنەوەی چا دەدەن ، ئەوا ئاستی گەشەکردنی بەکتریا لەناو جەستەیاندا زۆر کەمتربوو ، بە بەراورد لەگەل ئەوانەی لە خواردنەوەی چا بەدووربوون .

کوردستان تی ڤی

# وتەی زانایان

## دایک .. لە گۆشەنیگای ناودارانەوە

ڕەزا شوان / نەرویج

**لە ڕۆژی جەژنی دایکان دا ، بیر لە دایکت و خەسووت بکەرەوە . « جاکسۆن براون »**

**خۆشەویسترین کەسم دایکمە ، ئەو ڕووحی خویم پێشکەش دەکات . « مەعروف ڕەسافی »**

**دایک قوتابخانەیەکە ، گەر پێی بگەیەنیت ، گەلێکی ڕەسەنزادە پێ دەگەیەنێت .« ئەحمەد شەوقی »**

**جوانترین شیعر لە سەرانسەری جیهاندا ، لایە لایەی دایکە .« لامارتین »**

**وێنەی کاتی گەنجی دایک و باوکت لە چوارچێوەیەکی زیویین دا هەڵبواسە .« جاکسۆن براون»**

**دایک ببینە و ، دوێتە بخوازە . « پەندێکی کوردی »**

**میوە لە خاکی باش ، کچ لە دایکی باش هەڵبژێرە .« پەندێکی چینی »**

==========================================

لەوە مەترسە خەلک بە خەراپە باست بکەن، لەوە بترسە بەخۆت خراپە بکەی.

هەر شتێک کە لێی تینەگەیشتي بپرسە.

ئاگاداری دەوروبەرت بە ئە وە ی کەدەلین هە موی راست نییە.

توم خوش دەویت نەلەبەرخاتری شە خسیە تی تۆ، بەلکو کاتیک لەگەل تومە شەخسیەت پەیدا دەکەم.

هیچ کەس شایەنی ئەوە نییە کەتۆ فرمێسکی بۆ برژێنی.

هاورێ ی راستەقینە ئەو کەسەیە کە دەستت ئەگرێت و لێت ئەگات.

هیچ کاتێک پیکەنین تەرک مەکە چونکە لەکاتی نارەحەتیشدا لە وانەیە هەندێک عاشقی پێکەنینی تۆ بن.

هەوڵبدە هەموو کاتێ دڵ خۆش و دەم بەپیکەنین بە.

بە دڵخۆشی و هەبونی خەڵک تورەو دڵگران مەبە رێز لە هەموو کەسێک بگرە نهێنیەکانی خۆت لای هیچ کەس باس مەکە.

پرسیارو داواکاریەکانی خەلک یەکسەر قبوول مەکە هەتا بەتەواوی ـێکری لێ دەکەیتە وە.

دان بەخۆداگرتن و ئارام گرتن یارمەتیت دەدان بۆ ئەوەی توانای تێگەیشتنی هەموو شتیکت هەبیت وە بە ئاسانیش گرفتەکانت جارەسەر بکەی.

کلیلی سەرکەوتوویی زانست نییە، بەڵکوو مرۆڤە.

مرۆڤی ئاقل هەڵە ناکات، بەڵکوو بواری هەڵە کردن بە کەسانی تریش دەدات.

ئازادی بەو مانایە نییە کە مرۆڤ هەرجی پێی خۆش بوو بیکات، بەڵکوو بەو مانایەیە کە بەو کارەی کە پیێ خۆش بوو نییە مەجبوور نەکرێ.

هەر مرۆڤێک لەگەڵ خۆی دا لە ئاشتی دا بژی، هەوڵی شەر لەگەل کەسی تر نادا.

هەر مرۆڤێک لەگەڵ خۆی دا لە ئاشتی دا بژی، هەوڵی شەر لەگەل کەسی تر نادا.

هەرمرۆڤێک دارێک بچێنێ و بشزانێ کە ناتوانێ لە ژێر سێبەرەکەی دا دانیشێ، ئەو مرۆڤە لە مانای ژیان گەیشتووە.

# پەندی پێشینیان



خەیاڵ خەزێنەی بە کەس نەداوە
زێڕ بۆ دینەوە، خەیاڵپڵاوە

کەری دێز دەکا حەز بە تۆپینێ
تاکو خاوەنی زەرەر ببینێ

نەسیحەت ناچێ بە مێشکی کەردا
کێ دیویە بزمار بڕوا بە بەردا؟

بەسمان بەسەردا لێدە گیزو فیز!
پێوەدان خۆشە نەوەک ویزەویز

ئەمەش نەقڵێکی لەمێژ و کۆنە
پاداران بگرە، بێ پا نێخۆنە!

لە ترس و خۆفی ماری بەدکردار
لەپەنا ناور خۆم داوە حەشار

خۆشیم نەدیوە لەم ڕۆژگارە
وەتی هەم، نیمسال خۆزگەم بە پارە

دەستی تەماحت هێندە پان مەکە!
خاوەنی کەرەم پەشێمان مەکە!

کەچەڵ دەرمانکەر بوایە بێگومان
لە پێشا سەری خۆی دەکرد دەرمان

ئەگەر لێگەڕێ شۆفاری بەدفەڕ
ئاو دەخواتەوە گورگ لەگەڵ مەڕ

ئەمەش فەرمودەی قەدیمیەکانە
بەرد لە جێگای خۆی قورس و گرانە

لە شارو لادێ ئەم نەقڵە باوە
گیای شین بە جێگای سەختەوە ماوە



هیوادارم بەدڵتان بێت دیلان

# رۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی بەفرانبار ( دیسامبر – ژانوییە )




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

## December - دیسامبری

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢٣ی دیسامبری ١٨٨٢ | دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوولای شەمزینی بۆ عەرەبستانی سعوودی لە لایەن حکوومەتی عوسمانی. |
| ٢ | ٢٣ی دیسامبری ١٩٧٨ | کوشتاری کوردی عەلی ئەلایی لە لایەن تورکە فاشیستەکان (گورگە بۆرە)کانەوە.کە سازمانی ئەمنیەتی تورکیەوە پشتیوانی دەکران ! زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەکوژرێن ! |
| ٣ | ٢٤ی دیسامبری ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی خالید جوتیار ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری هەولێر |
| ٤ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٢٢ | کۆچی دوایی جەمال عیرفان نووسەری هەڵکەوتوو و بەتوانای کورد. |
| ٥ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٣٩ | پەنای بردنی جەلادەت بەدرخان بەهۆی رووخانی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران بۆ سووریە. |
| ٦ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٧٩ | بڵاو کردنەوەی گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد سەبارەت بە خودموختاری رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٧ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٩١ | ماڵئاوایی محەممەد ئەمین موعینی ئەندامی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان،و وزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان و باوکی شەهید مۆعینی یەکان. |
| ٨ | ٢٦ی دێسامبری ١٨٨٢ | کۆچی دوایی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری مێژوونووسی بە توانای کورد لەشاری بەغدا. |
| ٩ | ٢٦ی دیسامبری ١٩٨٢ | کۆچی دوایی زانای کورد مامۆستا عەلی مەحەمەد بەهائەددین. |
| ١٠ | ٢٦ی دێسامبری ١٨١٣ | چاپ و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی بانگی کورد. |
| ١١ | ٢٦ی دێسامبری ١٩٢٩ | بڵاوکردنەوەی یەکەمین رۆژنامەی ژین لە شاری سلێمانی. |
| ١٢ | ٢٦ی دێسامبری ١٩٧٦ | هێرشی سپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی ماوەت قارمیش- گەڵاڵە. |
| ١٣ | ٢٦ی دێسامبری ٢٠٠٤ | راگەیاندنی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی لە لایەن لەیلا زانا لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان. |
| ١٤ | ٢٧ی دیسامبری ١٩٧٨ | رۆژی دامەزرانی پارتی کرێکارانی کوردستان(P.k.k)لە گوندی فیس ی دیاربەکر باکووری کوردستان |
| ١٥ | ٢٧ی دیسامبری ١٩٦٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی ١٣ یەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەشاری بەرلین. |
| ١٦ | ٢٨ی دێسامبری ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی تەها عەتیقی تێکۆشەر و چالاکوانی سیاسی،وەرگێر و کارگیری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس |
| ١٧ | ٢٩ی دیسامبری ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی لەیلا عەلی سالع هونەرمەندی شانۆ و بێژەری کەنالی خاک و کوردسات تی ڤی لە شاری سلێمانی. |
| ١٨ | ٣٠ی دیسامبری ٢٠٠٦ | لەسێدارەدانی دیکتاتوری ریژیمی بەعسی کورد کوژ سەددام حوسێن لە شاری بەغدا. |
| ١٩ | ٣١ی دیسامبری ١٩٤٢ | کۆچی دوایی مەلا فەندی (مەلا ئەبووبەکری ئەفەندی)کەسایەتی نیشتمانپەروەر و ناسراوای کورد لەشاری هەولێر. |

## January - ژانوییە

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | ١ی ژانوییەی | ساڵی نوێ زایینی،دەستپێکەکەی هەفتەی لەدایکبوونی عیسا مەسیحە و،رۆژژمێرەکەش "رۆژژمێری زایینی"یە.لە ساڵی ١٥٨٢ی زایینی دا، پاپ گریگووری هەشتەم،دوایین ئاڵوگۆڕی لەو رۆژژمێرەدا کرد و ئێستاکە بە «رۆژژمێری گریگووری» بەناوبانگە. |
| ٢١ | ١ی ژانوییەی ١٩١٨ | کۆبوونەوەی حاکمی گشتی بەریتانیا (وڵسن) لەگەڵ شێخ مەحمود و پیاوماقوڵانی شاری سلێمانی. |
| ٢٢ | ١ی ژانوییەی ١٩٥٥ | کردنەوەی ئێستگەی رادیۆی دەنگی ئێرەوان لە ئەرمەنستان بەسەرپەرشتی جاسم جەلیل. |
| ٢٣ | ١ی ژانوییەی ١٩٧٠ | دیدار و چاو پێکەوتنی سەددام حوسێن لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی لە ناوچەی ناوپردان لە باشووری کوردستان. |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤ | ١ی ژانوییەی ١٩٧٤ | بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی برایەتی لەشاری بەغدا. |
| ٢٥ | ١ی ژانوییەی ٢٠٠٩ | دامەزرانی کاناڵی ئاسمانی تی.ئار.تی ٦ (T.R.T)تەلەفیزیونی کوردیی لە لایەن حکوومەتی تورکیە. |
| ٢٦ | ١ی ژانوییە ١٩٩٩ | دامەزرانی کاناڵی ئاسمانی کوردسات سەر بە ڕاگەیاندنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە شاری سلیمانی. |
| ٢٧ | ٢ی ژانوییەی ٢٠٠٦ | دامەزرانی کاناڵی ئاسمانی ڕۆژهەڵات تی ڤی سەربە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. |
| ٢٨ | ٢ی ژانوییەی ١٩٨٣ | دامەزراندنی یەکیەتی هونەرمەندانی کوردستان . |
| ٢٩ | ٣ی ژانوییەی ١٩٢٠ | کتێبی مەم و زینی ئەحمەدی خانی بۆ یەکەم جار بە زمانی کورد چاپ و بڵاو کرایەوە لەشاری ئەستەمبۆل کەوتە بەردەستی خوێنەران. |
| ٣٠ | ٣ی ژانوییەی ١٩٧٦ | ماڵئاوایی شاعیری کورد مەلا حامید مەلا حەمدون . |
| ٣١ | ٤ی ژانوییەی ١٩٩٠ | کۆچی داویی پرۆفیسۆر حاجی جندی زانای ناوداری و فلۆلکۆرستی لێهاتوو کورد. |
| ٣٢ | ٤ی ژانوییەی ١٩١٣ | کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لەشاری خویە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە ئەلف و بێی رووسی عبدالرزاق بەدرخان وانەی تێدا دەگوتەوە.ئەو قوتابخانەیە ٢٩ قوتابی هەبوو. |
| ٣٣ | ٥ی ژانوییەی ٢٠٠٠ | کۆچی دوایی محەممەد حوسێن بەرزنجی شاعیری نیشتمانپەروەر،ریالیست و رخنەگر لە شاری سلێمانی. |
| ٣٤ | ٥ی ژانوییەی ١٩٧١ | کۆچی دوایی خادیم حاجی میرزا عەبدوڵلا، شاعیر بە توانا ناسراوی کورد شاری سلێمانی |
| ٣٥ | ٥ی ژانوییەی ١٩٨٤ | ماڵئاوایی توفیق وەهبی نووسەر، زمانەوان و مێژوو نووسی ناوداری کورد لە شاری لەندەن. |
| ٣٦ | ٦ی ژانوییەی ٢٠٠٠ | ماڵئاوایی شاعیری کورد مەحەممەد شێخ حوسێن ، ناسراو بە (ع، ح، ب). |
| ٣٧ | ٦ی ژانوییەی ٢٠٠٣ | کۆچی دوایی هونەرمەندو شێوەکاری کورد عەزیز سەلیم . |
| ٣٨ | ٦ی ژانوییەی ٢٠٠٢ | دامەزرانی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆسایدـ(چاک) |
| ٣٩ | ٧ی ژانوییەی ١٩٢٣ | چوونی سمایل خانی شکاک (سمکۆ) بۆ سلێمانی کە لە لایەن شێخ مەحموود پێشوازی لێ کرا. |
| ٤٠ | ٧ی ژانوییەی ١٩٤٦ | چاپ وبڵاوبوونەوەی گۆڤاری کوردستان لە شاری مەهاباد . |
| ٤١ | ٧ی ژانوییەی ٢٠٠٦ | مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند. |
| ٤٢ | ٧ی ژانوییەی ١٩٨١ | کۆچی دوایی قادر زیرەک(قادرئەحمەد مستەفا)هونەرمەندی گۆرانیبێژ لە شاری هەولێر. |
| ٤٣ | ٨ی ژانوییەی ١٩١٨ | ویلسۆن سەرکۆماری ئامریکا لە خاڵی دوازدەی چاردە خاڵی بەرنامەی خۆیدا، کە وەک پێشنیار پێشکەشی هێزە یەکگرتووەکانی سەردەمی دەکا, داوای سەربەخۆیی بۆ کوردەکان دەکات. |
| ٤٤ | ٨ی ژانوییەی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی محەممەد ناسری زیانی پاوەیی موفتی ناوداری ناوچەی هەورامان لە شاری تاران. |
| ٤٥ | ٨ی ژانوییەی ١٩٢٣ | بەمەستی پێشوازی کردنی لەسمکۆ خانی شکاک بۆ شاری سلێمانی هەموو دوکان و فەرمانگە رەسمییەکانی شار داخران. |
| ٤٦ | ٨ی ژانوییەی ١٩٩٧ | پاش ٩ساڵ جیایی و لێک دابران سەرئەنجام دوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر یەکیان گرتەوە. |
| ٤٧ | ٨ی ژانوییەی ١٩٢٤ | چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی . |
| ٤٨ | ٩ی ژانوییەی ١٩٢٦ | چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لەلایەن (مستەفا پاشای یامۆڵکی) بەهەمووی ٢ ژمارە لێ دەرچوو. |
| ٤٩ | ٩ی ژانوییەی ١٩٩٠ | لێژنەی فۆلکلۆری کوردی، مۆزەخانەیەکی تایبەتی بۆ کەلەپوری کوردی لە قەڵای شاری هەولێر کردەوە. |
| ٥٠ | ٩ی ژانوییەی ١٩٩٧ | کۆچی دوایی حەسیب قەرەداخی شاعیری لێهاتوو ونیشتمانپەروەر و بەندکراوی سیاسی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٥١ | ١٠ی ژانوییەی ١٩١٠ | دامەزراندنی کۆمەڵەی هێڤی (هیوا) لەلایەن چەند قوتابییەکی کورد لە شاری ئەستەمبۆڵ لە وڵاتی تورکیا. |
| ٥٢ | ١٠ی ژانوییەی ١٩٨٨ | تیرۆری و شەهید کردنی سەید ڕەسووڵی بابی گەورە (سەید ڕەسووڵ دێهقان)ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان،لەگەڵ‌ەکی هەوارەبەرزەی بەدەست چەند چەکداری نەناسراو لە شاری سلیمانی. |
| ٥٣ | ١٠ی ژانوییەی ١٩٧٤ | پێک هاتنی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتی نووسەرانی کورد لەشاری بەغدا. |
| ٥٤ | ١٠ی ژانوییەی ١٩٤٦ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەتا ئێستا ٥٤٦ ژمارەی لێ دەرچووە. |
| ٥٥ | ١١ی ژانوییەی ١٩٦٩ | کۆچی دوایی شۆڕشگێری و چالاکوانی سیاسی کورد شێخ ئەحمەد بارزانی . |
| ٥٦ | ١٢ی ژانوییەی ١٩٩٢ | بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ زمانحاڵی ئۆرگانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان. |
| ٥٧ | ١٢ی ژانوییەی ١٩٨٨ | کۆچی دوایی محەمەد ئەمین ئەحمەد میرزا مەنگوڕی شاعیر و نوسەری بەتوانا وجێگری فەرماندەی هێزی بۆکان لە کۆماری کوردستان. |
| ٥٨ | ١٣ی ژانوییەی ١٩١٠ | کۆچی دوایی شاعێری ناوداری کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شاری بەغدا. |
| ٥٩ | ١٤ی ژانوییەی ١٩٩٣ | کۆچی دوایی جەلال میرزاکەریم شاعیری نوێکار و لێهاتووی کورد لە شاری هەولێر. |
| ٦٠ | ١٤ی ژانوییەی ١٩٧٦ | ماڵئاوایی سوارەی ئێلخانیزادە شاعیری شۆڕشگێری ناوداری کورد لە شاری تاران. |
| ٦١ | ١٤ی ژانوییەی ١٩٩٨ | کۆچی دوایی محەممەد قازی وەرگیری بە توانا و ناودار کورد لە شاری تاران پیتەختی ئێران. |
| ٦٢ | ١٤ی ژانوییەی ٢٠٠٦ | ماڵئاوایی مامۆستا ئیبراهیم فەتاحی گۆرانیبێژی کورد لە شاری بۆکان |
| ٦٣ | ١٥ی ژانوییەی ١٩٧١ | پێک هاتنی کۆنفرانسی یەکەمی یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر . |
| ٦٤ | ١٥ی ژانوییەی ١٩٩٨ | دامەزراندنی تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر. |
| ٦٥ | ١٥ی ژانوییەی ٢٠٠٧ | لە سێدارەدران بەرزان تکریتی زر برای دیکتاتۆری عێراق وعەواد بەندەر سەرۆکی دادگای شۆرشی پێشوو،لەسەرکێشەی دوجەیل. |
| ٦٦ | ١٥ی ژانوییەی ٢٠١٠ | یەکەمین فیستیڤاڵی لاوانی کورد لە جورجیای ئەمریکا. |
| ٦٧ | ١٦ی ژانوییەی ١٩٥٠ | چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی هەولێر . |
| ٦٨ | ١٦ی ژانوییەی ٢٠٠٠ | قەڵای هەولێر لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان خسترایە نێو لیستی ئەو سەد شوێنەوارەی کەلەسەر ئاستی جیهان دا بڕیاری خزمەتکردن و پاراستنیان دراوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٩ | ١٧ی ژانوییەی ١٩٥٣ | یەکەم هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی پەرلەمانی لە عێراق بەڕێوە چوو. |
| ٧٠ | ١٧ی ژانوییەی ١٩٩٩ | دامەزرانی کانالی ئاسمانی کوردستان تی ڤی زمان حالی پارتی دیموکراتی کوردستان. |
| ٧١ | ١٨ی ژانوییەی ١٩١٩ | بەشداری شەریف پاشای خەندان نوێنەری گەلی کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی لە (پاریس) لەنێوان (بەریتانیا و فەرەنسا) بەمەبەستی دابەشکردنی ئیمپراتۆری عوسمانی بێ ئەوەی باسی لە مافی گەلی کورد بکرێ. |
| ٧٢ | ١٨ی ژانوییەی ١٩٩٧ | ماڵئاوایی عەباسی حەقیقی شاعیری بە تواناو لێهاتووی کورد لە شاری بۆکان . |
| ٧٣ | ١٨ی ژانوییەی ١٩٩٠ | لەسێدارە دانی ڕەشاد حوسێنی چالاکوانی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر و بەندی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست کۆماری ئیسلامیی ئێران |
| ٧٤ | ١٨ی ژانوییەی ١٩٨٨ | کۆچی دوایی ئەحمەد ئاکۆ (ئەحمەد بەکر) نووسەری بەتوانای چیرۆکی فۆلکۆری کوردی ناوچەکانی ڕانیە و قەڵادزە لەشاری هەولێر. |
| ٧٥ | ١٩ی ژانوییەی ١٩٨٨ | ماڵئاوایی بابا مەردۆخی ڕوحانی شیوا شاعیری لێهاتووی کورد. |
| ٧٦ | ١٩ی ژانوییەی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی محەممەد نووری شاعیری نیشتیمانپەروەری کورد لە گوندی گردی قەبران لە شاری بۆکانی بەخاک سپێردرا. |
| ٧٧ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٨٦ | ماڵئاوایی خودادادعەلی هونەرمەندی کۆرانیبێژی بە توانا و هەست بروینی کورد لە شاری بەغدا. |
| ٧٨ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٢٠ | هێرشی حکوومەتی عوسمانی بۆ سەر شاری دەرسیم و گرتنی دووبارە ئەم شارە. |
| ٧٩ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٢٣ | نامەی شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان بۆ یەکیەتی سۆڤیەت و داوای یارمەتی. |

## بەداخەوە ڕۆژ و مانگی ئەوانەی خوارەوە دیار نیّ یە

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ساڵی ١٩٥٧ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە ڕۆژئاوایی کوردستان. |
| ٢ | ساڵی ١٩٨٥ | چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری فەرهەنگی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی سروە لە ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٣ | ساڵی ١٩٦٧ | شەهیدبوونی باپیرشکاک(نحۆ) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدەست هێزەکانی ئێران لە ناوچەی سەلماس. |
| ٤ | ساڵی ١٩٣٢ | کۆچی دوایی حوسێن نازم بەگ مێژوونووس و ئەدیبی بە ناوبانگی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٥ | ساڵی ١٩٨٥ | دامەزرانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە شاری لەندەنی بریتانیا. |
| ٦ | ساڵی ١٩٧٤ | پێکهاتنی حیزبی سوسیالیستی کوردستان لە تورکیە |
| ٧ | ساڵەکانی ٦٧- ١٩٦٨ | تێکۆشانی چەکداری و سیاسی لە لایەن کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو جووڵانەوەی 18 مانگی خایاند بە داخەوە زۆربەی هەر زۆری بەڕێوەبەرانی شەهید کران. |
| ٨ | ساڵی١٩٨١ | دامەزرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوئید ، فیدراسیۆن ڕێکخراوێکی دیموکرات و بێلایەنە و سەر بە هیچ ڕێکخستنێکی سیاسی و ئاییینی نیە. |
| ٩ | ساڵی١٩٩٤ | سزا دانی ١٠ ساڵ زیندانی بۆ لەیلا زانا بە هۆی سوێندخواردن بە زمانی کوردی لە پارلەمانی تورکیە، |
| ١٠ | هاوینی ساڵی ١٩٨٨ | کارەساتی سامناکی کوشتاری بەندییە سیاسیی و نیشتمانپەروەرانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە فرمانی خومەینی. |
| ١١ | ساڵی١٩٥٩ | دامەزرانی حیزبی شۆڕش لە لایەن شێخ نەسرەدین نەقشبەندی کە ئامانجی کۆکردنەوەی تێکۆشەرانی سیاسی کورد بووە. |
| ١٢ | ژووئەنی ١٩٦٣ | دامەزرانی کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان لەلایەن ژمارەیەک تێکوشەر و چالاکوانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی بارزان، باشووری کوردستان. |
| ١٣ | ڕەشەمەی ساڵی ١٩٥٢ | ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بە دژی زوڵم و زۆری ئاغاو دەرەبەگەکان ئەو جووڵانەوەیە لە لایەن ڕێژیمی شا سەرکوت کرا. |
| ١٤ | ساڵی ١٩١٥ | ماڵئاوایی شاعیری نابینا مەلا حەمدون لە شاری سلێمانی. |
| ١٥ | ساڵی ١٩٥٨ | دامەزرانی ڕادیۆ کوردی کرماشان. |
| ١٦ | ساڵی ١٩٦٧ | شەهید بوونی مەلارەحیم وردی ناسراو بە میرزا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ١٧ | ساڵی ١٩٩٥ | خەڵاتی ساخارۆفی پارلەمانی یەکیەتی ئوروپا بە بەندکراوی کورد لەیلا زانا. |
| ١٨ | ساڵی ١٩٦٨ | شەهید کردنی دڵشادی ڕەسووڵی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان،و جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان.لە باشووری کوردستان. |
| ١٩ | مانگی ژووییەی ١٩٨٢ | دانیشتنی دوو قۆڵیی و ئیمزا کردنی بریارنامەی هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ ڕێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. |
| ٢٠ | ساڵی ١٩٠٢ | کۆچی دوایی وەفایی(عەبدولرەحیم نەسیرولایی)شاعیری ناداری کورد لە بیابانی شام لە عیراق. |
| ٢١ | هاوینی ساڵی ١٩٨١ | شەری ناخوازراو لە نێوان حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق(قیادە موقت)ڕوی داو چەندین مانگ درێژەی کێشا. |




پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان

**Qazi Muhammad President Republic Of Kurdistan**

**1900 - 1947**